# مێژوو وەك دامەزرێنەری ناسنامە لە شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسیدا

د. حەیدەر لەشكری
زانكۆی كۆیە/ سەنتەری توێژینەوەی مەلای گەورە

## دەستپێك

ڕەنگە ئاسان نەبێ بتوانین لەو پەیوەندیە نهێنییە تێبگەین كە لەنێوان دەسەڵات و مەعریفەیەك دا هەیە، لەكەسێكدا كەوا هەردووكیانی لەخۆیدا ئەزموون كردوە. كەسێك بەشی هەرە زۆری تەمەنی لە حوكمڕانی و شەر و ململانێكاندا سەرف كردبێ بەشەكەی تریشی بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەی مێژووی. ئاخۆ چەندە جۆری مەعریفە بەرهەمهێنراوەكە گوزارشت لە كەسێتی دەسەڵاتدارانەی وی دەكات؟ چەندە ئەو كەسێتییەش چییەتی و سنورەكانی مەعریفەكەی دەستنیشان كردوەو چ كۆنترۆڵێكی بەسەر كردەی بەرهەمهێنانیدا سەپاندوە؟ پاشان دەبێ چەندە مەعریفەكە لاگیری لە ناساندن و خستنەڕووی دەسەڵاتداریێتی كردبێ و لە كوێدا وەك ئامرازێك بۆ بەخشینی ڕەوایەتی هەبوون و بەردەوامێتیی بەكارهێنرابێت؟ بێگومان كەسێك ئەو پەیوەندییە نهێنییەی لە نێوخۆیدا كۆكردبێتەوە، شایستەی تێڕامانە و دەشێ بەرهەمە مەعریفییەكەشی ڕاڤەی جیاجیا و خوێندنەوەی فرە لایەنانەی بۆ بكرێ.

لێرەوە – بە بۆچوونی ئێمە – هەر هەوڵێك بۆ خوێندنەوەی "شەرەفنامە"ی میر شەرەفخانی بەدلیسی (م. ١٦٠٣)، دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارانە و چەندانی دی. وەڵامدانەویان، یاخود لایەنی كەم ڕاڤەكردنی وەڵامەكانیان، ئەو كەسایەتیەمان لە مێژوونوسێكی ئاسایی بۆ سەروو ئاسایی و مێژووە نوسراوەكەش لە زانینێكی مێژوویی ساكارەوە، بۆ ئاستێكی بەرزتر دەگوازێتەوە. ئەوەی كە ڕەنگە ئەو حاڵەتە نائاساییە قووڵتر بكاتەوە ئەوەبێ زانینی مێژوویی بەمجۆرە پێشتر كەسێكی تر بەرهەمی نەهێناوە. یان بابڵێین زانینەكە بەو گشتگیرییە شوێنكاتییە نەخراوەتە ڕوو و ئەو میتۆدەی لە نوسینەوەدا پەیڕەوی لێ كراوە نەبووە. ئەوە شەرەفخانە ڕچەكە دەشكێنێ و لە نوسینەوەی مێژووی كورد و وڵاتەكەیاندا، كارێك دەكات پێشتر – وەك خۆشی ئاماژەی بۆ دەكات – نەكرابێت.

ئەوەی شەرەفنامە لە كتێبەكانی تری هاوشێوەی جوێ دەكاتەوە ڕێبازی نوسین و چۆنیەتی گێڕانەوە نییە، هەروەها بەرهەمهێنانی مانایەكی جیاواز بۆ "مێژوو لە خۆیدا" نییە، بەڵكو تایبەتمەندێتی ناوەڕۆكە، ئەو تایبەتمەندێتییەی وادەكات تێگەیشتنی جیاوازمان بۆ ڕێباز و گێڕانەوە هەبێت. هەروەها بە دوای مانایەكی مێژوو گونجاو لەگەڵ ناوەڕۆكە نوسراوەكە بگەڕێین، كە مێژووی كوردە: ئەگەر لەلای ئەوانیتردا مێژووەكە بەشێكی تەواوكاری ئەو زنجیرەبەندییە بووە، كە مێژوونوسەكە لە كۆنتێكستی مێژووی گشتیدا كاری پێ دەكات، ئەوا لە شەرەفنامەدا مێژوو دەقێكە لە كۆنتێكستی تایبەت بە ناوەخنی مێژووەكە. بۆیەشە چاوەڕوان دەكرێ ماناكانیشی جیاواز بێت، لەوەی لە سنوری مێژووی گشتیدا دەیبێ. بەجۆرێك كە لەگەڵ شەرەفخاندا هەموو ماناكانی مێژوو لە كورد و ئەزمونە مێژووییەكەیەوە دەبینرێ.

## تەوەرەی یەکەم: ئاگایی شەرەفخان بە مێژوو

### ١. ژیان لە نێو مێژوودا

ئەگەر دەمانەوێ لە شەرەفخان وەك مێژوونوس تێبگەین و لەو مانایانە نزیك ببینەوە، كە ئەو بە مێژووی دەبەخشێ، دەبێ هەوڵبدەین شرۆڤەی چۆنیەتی گەلاڵەبوونی ئەم خەسڵەتە (مێژوونوسیی) بكەین. بێگومان ئەمەش بە دەستنیشانكردنی چۆنیەتی ناساندنی تاك وەك مێژوونوس دەبێ. رەنگە وردترین و گشتگیرترین پێناسەیەكیش كە لەگەڵ حاڵەتی "شەرەفخان – مێژوونوس" بگونجێ ئەوەیان بێ كە پێی وایە: "مێژوونوس كەسێكە لە بەرامبەر بە گۆڕانكارییەكان بە ئاگایە" (العروی، ١٩٩٢: ٤٢/١)، واتا ئەو چۆنیەتی گەلاڵەبوونی رووداو و پەرەسەندن و كاریگەری و ئاكامەكانی بەسەر ئەو گرۆیەی مێژووەكەی دەنوسێتەوە دەبینێ. ئیدی ئەگەر تاك دەخوازێ ببێتە مێژوونوس، دەبێ درك بە بوونی خۆی لە ناو شوێنكاتەوە بكات و هۆشدار بێ بەرامبەر بە دەوروبەرەكەی. ئەمە لە سەربوردەی پێگەیشتنی شەرەفخاندا دەبینرێ؛ ئەو دەیزانی لەناو مێژوودا دەژی و بریاری نوسینەوەی رووداوە كۆن و هەنووكەییەكانی دەدات. بێگومان نەك تەواوی مێژوو، بەڵكو زیاتر ئەو مێژووەی خۆی لاگیری بۆی هەیە و رەگەزێكی پێكهێنەری ئەو شوناسەشە، كە گوزارشتی لێ دەكات .

شەرەفخان خۆی دەستنیشانی چۆنیەتی گەلاڵەبوونی "ئاگایی"، وەك پاڵنەرێكی كردەی نوسین، دەكات. لێرە هۆكارێكی گرنگی ئەو گەلاڵەبوونە ژیانە لەگەڵ ئەو رووداوانەی "مێژوویی"ن؛ رووداوەكان بۆ ئەوی میر ئەوەندە كاریگەر بوونە كە تاقەت پروكێن بوون (ڤاسیلییێڤا، ٢٠٠٨: ٣١–٤٢). تا رادەیەك كە ناچاریان كردوە پرۆژەیەكی گرنگی وەك نوسینەوەی مێژوو دوابخات، ئەگەرچی بە خوێندنەوەی سەرچاوەكان شارەزایی زۆری لە بوارەكە پەیدا كردوە و ئامادەبووە بۆ پەڕینەوە لە قۆناغی خوێندنەوە و كۆكردنەوە و لێوردبوونەوە، بۆ قۆناغی داڕشتن و نوسینەوە. ئەوەتا هەر خۆی لەمەڕ كاریگەریی رووداوەكان دەنوسێ: "بە زەینی داهات – مەبەستی خۆیەتی – كتێبێك لەسەر ئەو زانستە بنوسێ كە پێش ئەو هیچ كامێك لە شارەزایانی زانستی مێژوو بۆیان نەكرابێ، هیچ كامێك لەوانەی وێڵی دوای رەوشی سوڵتانانی كۆن و نوێن دركیان پێ نەكردبێ. بەڵام بەربەستەكانی دەهر و رووداوە سەختەكان، بوونەتە هۆی ئەوەی خاتیراتەكان بە پەردەپۆشكراوی بمێننەوە" (٢٠٠١: ٣٥).

وەنەبێ ئەو رەوشە شەرەفخانی لە مێژوو دابراندبێ، لە كاتێكدا دۆخەكە خۆی گۆڕانی مێژوویی گەورەی تێدایە و ئەو دەیانبینێ و تێیان رادەمێنێ. تەنانەت لەوە دەچێ هەر لەو قۆناغە جەنجاڵەی ژیانیدا تێزەكانی لەبارەی رەوتی رووداوی مێژوویی و مێژووی نەنوسراوی "والیانی كوردستان" گەلاڵە كردبێ و بیری لە میتۆدێك بۆ نوسینەوەی كردبێتەوە. دیارە بە دیاریكردن و

هەڵاوێردکردنی ئەو خاڵانەی گرنگن و شایستەی تۆمارکردنن، لەگەڵ ئەوانەی تۆمار ناکرێن و دەشێ پشتگوێ بخرێن. بۆیە ئەو دانەبڕانەی لە مێژوو، هاوکار دەبێ لەوەی – کاتێك ڕەوشەکە هێور دەبێتەوە – هەڵی جێبەجێکردنی پرۆژەکەی بۆ بڕەخسێ. ئەمەش بە سود وەرگرتن لەو ئەزموونەی خۆی، کە بۆ ئەو سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوونوسین بوو، لە پاڵ سەرچاوە مێژووییە نوسراو و زارەکییەکانی تر (٢٠٠١: ٣٥). ئیدی ئەوە ڕووداوە مێژووییەکانن ئەو بەرەو نوسینەوەی مێژوو دەبەن، نەك مێژوونوسیی لە خۆیدا .

ژیانی ئەو خۆی پڕ لە مێژووە؛ چ وەك میرێك کە لە میرنشینێکدا بووە، کە هەر لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، خاوەن مێژوویەکی کۆن و پێگەیەکی دیار بووە لە نەخشی سیاسی و فەرهەنگی پانتایی کوردی (شێخ محەمەد، ٢٠٠٥: ٢٣٤–٢٣٥). یان خۆی وەك کوڕە میر و دواتر میر، کە پەیوەست بە ڕووداوەکان بووە و لە نێویاندا گوزەری کردوە و ئاڕاستەی ژیان و کردەی سیاسیی ئەویان دیاری کردوە، هەم لە سنوری میرنشینی بەدلیس و هەمیش لە چوارچێوەی هەردوو گەورە زلهێزی سەردەمەکە، کە سەفەویەکان و عوسمانیەکانن (ئیسکەندەر، ١٩٩٨). شەرەفخان خۆی رایدەگەیەنێ، بینین و بەشداری خۆی لە ڕووداوەکان، سەرچاوەیەکی بنەڕەتی زانیاریە مێژووییەکانی پێکدێنن (٢٠٠١: ٣٦). ئەمەش ئاگایی ئەو بەرامبەر بە مێژوو بە گشتی و ئەو قۆناغەی ئەوی تێدایە بەتایبەت، زێتر دەکات. ئیدی گشتگیر کردنی مێژووی خودییانە، لە میانەی بە بابەتکردنی پرێسی ڕووداوەکان بەسەریدا، ئاستی هۆشیاربوونی ئەو بە مێژوو دیاری دەکات. هەر ئەمە وای لێ کردوە لە قۆناغی "ژیان لەنێو مێژوو" بۆ قۆناغی "بەرجەستەکردنی مێژوو" بپەڕێتەوە، کە قۆناغی نوسینەوەیەتی. بە دەستەواژەیەکی تر؛ ئەزموونکردنی مێژوو لە نێو خۆیدا و دەرکەوتنی وەك بکەرێکی مێژوو، بە نوسینەوەی مێژوو وەڵام دەدرێتەوە. مێژووی نوسراوەش، دەشێ پاشخانێك و زەمینەیەك بێت بۆ خودی ئەزموونە تاکەکەسیانەکە و هەوڵێك بێ بۆ پەیبردن بە ماهییەت و دوورییەکانی ئەم ئەزموونە، بەتایبەتیش لە ڕێگەی تێگەیشتن لە ئەزموونی ئەوانیتری هاوشێوەی ئەوی "میر – مێژوونوس". تا ئەو پەردەیەی سەربوردەی مێژووی ئەو بنەماڵە کوردییانەی داپۆشیوە، سێبەری بەسەر زەمەنی مێژوونوس خۆی نەمێنێ.

بەپێی گێڕانەوەی مێژوونوس ئەو پانتاییە جوگرافییەی ئەویشی تێدا بوو، تەواو لە نێو مێژوودا ئامادە بوو. بەدلیس شارێکە تێکەڵ بە مێژوو؛ لە ڕووداوێکی مێژوویی، پەیوەست بە ئەسکەندەری مەکدۆنی (٣٥٦–٣٢٣پ.ز)، دروست کراوە. بێگومان هەڵبژاردنی شوێنەکەشی لە خۆوە نەبووە، بەڵکو لەوەوە هاتووە کە جوانییەکەی لە سەرووی وەسفەوەیە، زێتر لە وەسفی بەهەشت دەچێ، تەنانەت: "چاوی دەهر بە درێژایی زەمەنەکان شتی وای نەبینیوە، گوێچکەی سەدەکان سرودەکانی وەسفی لە دەم و زمانەکان نەبیستوە"(٢٠٠١: ٥٧١). واتا شوێنێکە لە ناو زەمەن ئامادەیە و لە دەرەوەی نییە، هەر بۆیەشە دەبێ کاریگەری بەسەر ئەسکەندەرەوە هەبێ (ئەو

**نەخۆشیەی لێی بوو لەوێ چاك بۆتەوە)، ئیدی بڕیاری دروستکردنی شارێکی خودان قەلایەکی سەختی لێ دەدرێ، کە تەنانەت خودی ئەسکەندەریش نەتوانێ بیگرێ.**

**بێگومان ئەو مێژووەی شەرەفخان دەینوسێ بە دینامیککردنی مێژووی شارە لە رێگەی بەستنەوەی بە رەمزێکی هەرە دیاری مێژووی گشتی و راگەیاندنی پێشمەرجێك بۆ بەردەوامێتی مێژوویی (ئەستەمی گرتنی شارەکە، تەنانەت دواتر لای ئەسکەندەر خۆشیەوە)، ئەو دینامیکییە مێژووییە پەیوەست دەکرێ بە ئامادەبوونی ئەفسانەیی جوگرافیای شارەکە، کاتێ رایدەگەینێ بەبێ تێپەڕین بەو شارە حەجاجەکانی تورکستان و هیندستان و زۆربەی وڵاتە ناسراوەکانی ئەو کاتی جیهان ناگەنە مەککە و مەدینە(٢٠٠١: ٥٧٢). ئەمە بێ ئەوەی لە واقیعدا زۆربەی ئەو ناوچانەی ناویان دێنێ کەوتبنە سەر رێگای بەدلیسەوە. تەنیا مەبەستی مێژوونوس ئەوەیە بڵێ ئەوێ شوێنێکە لە هەموو ساڵێك بۆ رووداوێکی پەیوەستە بە باوەری ئایینی گشتی، هەر ئەمەش مانەوەی شارەکە لە نێو مێژوودا تۆختر دەکاتەوە. بەڵام ئەمجارە دوورایيەکی پیرۆزیشی پێدەبەخشێ؛ دوورایيەك کە بەپێی لۆژیکی مرۆڤی باوەڕدار و پەیوەست بە جیهانبینی ئایینیەوە زۆر پێویست بووە بۆ مانەوەکە.**

**مێژوونوسەکەشمان بە هەمان جیهانبینیەوە دەدوێ، لەپێناو بەیانکردنی بەردەوامی پیرۆزیی مێژوویی زەمینەی دەرکەوتنی بنەماڵەکەی و خۆی. ئەمە بە ئاماژەدان و تەرخانکردنی چەند لاپەرەیەك – بەر لە نوسینەوەی مێژووی سیاسی – دەسەڵاتدارییانەی شارەکە کە بابەتی سەرەکی مێژووە لای ئەو – بۆ دوورایيە ئایینیەکەی شار دەبێ، وەك جەختکردنەوەیەك لەسەر تێکەڵیی مێژوو و پیرۆزی. ئەمەش لەمیانەی تۆمارکردنی سەربوردەی ژیانی ئەو زانا و کەسایەتییە ئایینیانەی لە پانتایی شاردا دەردەکەون و مێژووییەك چێ دەکەن کە دەخرێتە سەر مێژووی شارەکە(٢٠٠١: ٥٧٦–٥٨٥). ئەوەتا بە ئاشکرا ئەو مەبەستەی رادەگەیەنێ و دەڵێ: "مەبەستمان لە هێنانەوەی ئەم ژیاننامانە ئەوەیە، کە شاری بەدلیس هەر لە کۆنەوە ماڵی خانەدان و زانایان و بنکەیەك بووە بۆ کەسانی زیرەك و تێگەیشتوو". ئەو تێکەڵبوونەی مێژوو و پیرۆزی لە شوناسی شارەکە پتر خۆی لە پابەندبوونی شارنشینانە بە ئیسلامەوە دێ: "لە دەرکەوتنی ئیسلامەوە نەمانزانیوە نوێژی جەماعەت و هەینی تێدا پشتگوێ خرابێ" (٢٠٠١: ٥٨٣–٥٨٥).**

### ٢. مانای مێژوو و مەبەست لە نوسینەوەی

**لە دەستپێکدا، دەبێ ئەوە بزانین کەوا گەڕان بە دوای مانای مێژوو لای شەرەفخان، بەمانای تێگەیشتن لە "مێژوو لەخۆیدا" نیە، بەوجۆرەی دەشێ لە زەینی شەرەفخاندا هەبووبێ. ئەوەندەی دەخوازین لەپشت ئەو مانایەوە بەدوای مەبەستەکانی مێژوونوس لە کردەی نوسین بگەین. بە دەستەواژەیەکی تر هەوڵدەدەین ئەو مانایەی مێژوو ببینین کە هاوکارمانە لە خوێندنەوەی تێگەی**

شەرەفخان خۆی. لە پێشەکی شەرەفنامە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە مانای  مێژوو لە بەکارهێنانە کردەکیی – ئێستاییەکەیدا بەرجەستەیە، نەك لەوەی – وەك فۆرمی هەرە باوی گێڕانەوەی ڕابردوو – چ مانایەکی وجودیانە دەبەخشێ. لەمەوەش، شەرەفخان پابەندە بەو کولتورە ئیسلامییەی تێیدا پێگەیشتوە. ئەو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم تێگەیشتنەی مێژوو، گرنگی کایەکەی بە پێی مێژوونوس خواجە حەمیدەدین موحەممەد میرخواند (م. ١٤٩٨ز) خستۆتە ڕوو، هێندێك لەو بەهایانە دەڵێتەوە کە ئەم مێژوونوسە لە پێشەکی کتێبی خۆیدا "روضة الصفا" یاداشتی کردون (١٣٧٥ ھ.ش: ١ / ٢٢-٣٠) و شەرەفخان خۆی جگە لە دووبارەکردنەوە و کورتکردنەوەیان هیچیان لەبارەوە ناڵێ و ڕازیە بەم تێگەیشتنە. لێرەدا مەعریفەی مێژوویی پەیوەستە بە بەهای ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە؛ پێداویستیەکی مرۆڤانەیە لە پێناو جیاکردنەوەی درۆ و ڕاستی لە یەکتر. ئەزموون و شارەزایی پەیداکردن و گەشەی ئەقڵییە. تەنانەت ڕێگەیەکیشە بۆ پتەوبوونی باوەڕی ئایینی، چونکە بە خوێندنەوەی مێژوو گەورەیی خودا دەردەکەوێ. بۆیە جەخت لەسەر تێگەیشتنی ئەم باوەڕە بۆ ماهیەتی بەسەرهاتی ڕابوردوان دەکرێتەوە، کە بریتییە لە پەند و ئامۆژگاری (٢٠٠١: ٣٤).

هەرچۆنێك بێت، کاتێك ئەو دەست بە نوسینەوەی ڕووداوەکان دەکات، ئەم گرنگی و ئەرکانەی مێژوو گشتگیرانە نامێنێتەوە. بەڵکو لەو جۆرە دیاریکراوەی مێژوو چڕ دەبێتەوە کە ئەو بە پێویستی دەزانێ بینوسێتەوە (مێژووی کورد). بەڵام لێرەشدا نوسینەوەی مێژوو تەنیا دۆزینەوەی بەها نیە، بەڵکو – بەر لە هەموو شتێك – دەستپێکردنی پرۆسێسی "خۆدۆزینەوە لە نێو زەمەن"ە و دەستگرتنە بە یادەوەری مێژوویی کورد خۆیەوە. ئیتر ڕایدەگەیەنێ ،کە لەبەر ئەوەی مێژوونوسان لە کۆن و نوێ: "گرنگیان بە بەسەرهاتی والیانی کوردستان و ئەو ڕەوشانەی تێیدا بوونە نەداوە و کتێبێکی ڕێکخراویان لە بارەیانەوە نەنوسیوە"، بۆیە بەخەیاڵیدا هات، بە پشت بەستن بە کتێبە مێژووییەکانی عەجەم (فارس) و ئەوەی لە بەساڵاچوە ڕاستگۆکانی بیستوە، لەگەڵ ئەوەی خۆی بینیویەتی و شایەتحاڵی ڕووداوەکانی بووە، کتێبێك بنوسێتەوە (٢٠٠١: ٣٦). کەواتە ئەو دەیەوێ لەوێدا، لە نێو زەمەنە تێپەڕیوەکاندا، کورد بدۆزێتەوە؛ دەخوازێ ترسی ونبون لە نێو ئەو زەمەنانەدا بڕەوێنێتەوە و بە گێڕانەوەی باسی میر و خانەدانی کوردەوە، بەوجۆرەی خۆی بیری لێکردۆتەوە، یادەوەری مێژوویی پێکبهێنێ یان دایبڕێژێتەوە. هاندەریش بۆ کارێکی ئاوا پڕ لە زەحمەت، پەرش و بڵاوی ئەم یادەوەریەیە لە نێو سەرچاوە زارەکی (سەرچاوەی خۆماڵی) و نوسراوەکانەوە (سەرچاوەی میللەتانی تر). ئەمە سەرباری مەترسی لەناوچوونی ئەو شکۆمەندیانەی بەرجەستەی ئێستای ئەم کارا مێژوویانە دەکات و بوونی دەستەجەمعی کوردی پێوە بەندە.

ئەمە لە چیەوە دێ؟ لەوەوە کە کاتێك ئەو بیر لە مێژووی کورد دەکاتەوە، نەك هەر کتێبێکی لەبەردەستدا نییە تایبەت ئەو مێژووە بگێڕێتەوە، بەڵکو تەنانەت کتێبی ئەوتۆ هەن سەرلەبەری ئەو مێژووە دەشێوێنن و سەرلەبەری تەواوی جڤاکەکە بە بێ بەها تەماشا دەکەن (ئیسکەندەر، ١٩٩٨:

٤٣). لەلایەکی تریشەوە کولتورێکی دەوڵەمەندی زارەکی لەبەردەستدایە، کە سەرچاوەکان، لایان بە لادا نەکردۆتەوە و لەبەردەم ئەگەری لەناوچووندایە. ئەگەرچی ئەو دەزانێ، سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەی دەخوازێ لە نوسینەوەی مێژوودا بەرجەستەی بکات. بۆیە، لەم رووەوە، نوسینەوەی مێژوو بریتی دەبێ لە گواستنەوەی روداو و بەسەرهاتە گرنگەکان، لە یادەوەری ئەم جڤاکەوە، کە لە ئاستی زارەکیدایە، بۆ یادەوەری تاکی دەستەبژێر، کە لە ئاستی نوسیندایە. خۆ مێژوو لە ئاستی زارەکیدا پەیوەستە بە جڤاکەکە خۆیەوە و دەرەنجامێکی ئاسایی ئەو پرسیارانەیە کە هەموو گروپێکی مرۆیی، هەریەکە و بەجۆرێك، بەپێی ئەو رووداوانەی تێیاندا دەژی، لەخۆی دەکات. پرسیاری ئەوەی چیە ئەو شتگەلەی وەك کۆمەڵێك نابێ لەبیری بکەن؟ ئەمە پرسیارێکی دەستنیشانکەری ناسنامە و تێگەیشتنی ئەم کۆمەڵەیە بۆ خۆی، با وەڵامدانەوەی پرسیارەکەش، بۆ میللەتانی خاوەن کولتوری زارەکی، لە ئاستێکی نزمدا بێ (أسمان، ٢٠٠٨: ٥٣). بەڵام خۆ شەرەفخان لە ئاستێکی ئاوای ئاگاییدایە، کە یادکردنەوەی بۆ رووداوەکان بەرزە و ئەو ناسنامەیەی دەخوازێ لە میانەی مێژوونوسیدا بەرجەستەی بکات، خەیاڵی کۆمەڵایەتی بە تەنیا ناتوانێ لە خۆی بگرێ. ئەگەرچی پرسەکانی پرێسی خستۆتە سەر دەستەبژێرەکە، بەتایبەتیش ئەوانەی لە سەردەمێکدا خۆیان بینیبۆوە کە دەبوا لە بەرامبەر بە ئەوانی تردا پێناسەیان هەبێ. لە سەرووی هەمووشیانەوە پرسی "کوردبوون". ئیدی ئەو رێك بە دانانی شەرفنامە ئەم کارە دەکات؛ مێژووی خانەدان و بنەماڵە کوردییەکان دەکاتە ئەو سەرمایە رەمزییەی، کە لە پەیوەندیان بە ئەوانیتری غەیرە کوردەوە ون و نادیار دەردەکەوێ. کەسێك –بەر لەو –نەبووە ئەم سەرمایییە لە چوارچێوەی دەقێکی نوسراودا وەبەرهەمبێنێت و بیکاتە کالایەکی پێکهێنەری سەروەرێتی بالای دەسەلاتی سیاسی.

مێژوو لای ئەو هەموو رووداوێك نیە، بەڵکوو رووداوی تایبەت هەیە دەبێ یاداشت بکرێ. لەگەڵ رووداوی تر کە پەیوەست نین بە رووداوە تایبەتەکەوە و وەلا دەنرێن و دەبنە ناڕووداو، وردتر بڵێین نەبینراو. لای ئەو ئەوەی دەنوسرێتەوە پەیوەستە بە تێگەیشتن لە کارایی مێژووییەوە. شەرەفخان پێی وایە کارایی مێژوویی کوردی لە میر و خانەدانەکانەوە چڕ بۆتەوە. بۆیە کە ئەو بڕیاری نوسینەوەی مێژوو دەدات، لە روانگەی ئەوەدایە تا: "سەربوردەی بنەماڵە مەزنەکانی کوردستان لە پشت پەردەی بێدەنگی نەمێنێتەوە" (٢٠٠١: ٣٦). لێرەوە گەڕان بەدوای رابردوو دەبێتە حاڵەتێکی سیاسی، لە چوارچێوەی تێگەیشتنی ئەو بۆ دەسەلاتدارێتی، وەك دەستنیشانکاری رەوتی مێژوویی کورد بە گشتی. واتا ئەو ناخوازێ بەسەر تەواوی مێژوودا رابگات، ئەوەندەی دەیەوێ لەو روانگە تایبەتەوە بونیادی بنێتەوە. ئیدی مێژوو وەك مەعریفەیەك بریتییە لە بەرجەستەکردنی دەسەلاتدارێتی؛ بریتییە لە گێڕانەوە و نەخشاندنەوەی وێنەی ئەوانەی لە "ئێمە –کورد"ن و کردەی دەسەلاتییانە دەنوێنن. مێژوو مەعریفەیەك نابێ لە پێناو مەعریفەدا، بەڵکو مەعریفەیەکە لە پێناو دەرخستن و دیاریکردنی پێگەی سیاسی – کۆمەلایەتی دەستەبژێری

**فەرمانڕەوا لە زەمینەی کوردیدا. بۆیە ئەوە مەعریفەی مێژوویی نیە مەبەستەکانی مێژوونوس لەودیو پرۆسەی گێڕانەوەوە ئاشکرا دەکەن. بەڵکو ئەوە خودی ئەو مەبەستانەن کە ئاڕاستەی مەعریفەکە دیاری دەکەن.**

**مەبەستی شەرەفخان ئاگادارکردنەوەی وەرگرە بە کردەی سیاسی، لەو روتەختەی مێژووی دەنوسرێتەوە. پێی وایە کردەی سیاسی ئەوی دەبێ باس بکرێ و بخرێتە روو، تا لە ئێستادا شەرعیەتی بەردەوامیی هەبێ. ئەوەی شەرەفنامە بخوێنێتەوە دەبینێ، وەك دواتریش روونی دەکەینەوە، ڕەوایەتی بوونی دەسەلاتیانە خەمی سەرەکی مێژوونوسە. دەیەوێ بڵێ ئەمانە لە نێو مێژوودا کارابوون و هەبوون و ئێستاش هەن. هەبوونێکی پر بە سیاسەتکاریی؛ بە شکست و سەرکەوتنەکانی ئەم کارە، بە خراپ و چاکەکانیەوە. کاری سیاسی ئەوان دەبێ بکرێتە مێژوو و لەلایەن وەرگری ئەم مێژوەوە (کورد بن یان غەیرە کورد) ببینرێن. لە پێناو بەردەوامیی بەخشین بەو فۆرمەی بوونی سیاسی ئەم گروپە ئیتنییە، کە مێژوونوس خۆی – وەك بکەرێکی سیاسی – بەشێکە لەوان.**

**هەر ئەمەشە وا داکات ئەوی مێژوونوس، بەدوای پەیوەندییە دیار و نادیارەکانی نێو دەسەلاتدارێتییە کوردییەکاندا بگەڕێت؛ رەسەنی هاوبەشیان دەگێڕێتەوە، بەپێی نواندنی دەسەلات ریزبەندیان دەکات. لە پشت ئەمانەشدا بە دوای ئەو پەیوەندیەدا دەگەڕێ، کە وا دەکات مێژووی تەواوکاریی نێوانیان ماقوڵیەتی هەبێ، ئەویش بریتیە لە "کوردبوون"[١]، وەك ناسنامەیەکی هەمەگیر بۆیان. بەڵام خۆ ئەو پەیوەندییە ئەوەندە دیار نیە تا مێژوونوس بتوانێ مێژوویەکی "یەککگرتوو" و "زنجیرەبەند" ی بنوسێتەوە. ئەوەندەی سەرەدەری لەگەڵ چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەك دەکات، کە بە دەگمەن نەبێ مێژووەکەیان لێ دروست نابێ. گەڕان بەدوای خانەدانانی کورد لە نێو مێژوودا، گەڕانە بەدوای جیاوازبوونیان لە ئەوانیتر. گەڕانە بەدوای "کوردبوون"یان، وەك حاڵەتێکی سروشتی – کۆمەلایەتی نەك سیاسی. لێرەوە خەسڵەت و تایبەتمەندییە کوردییەکان مانا وەردەگرن؛ ئازایەتی لەڕادەبەدەر، کە بەڵگە لەسەری کردەوەی پاڵەوانە ئەفسانەییەکانە، تا ئاستێك کە لە خراپەکاریش بەکار دەهێنرێ "رێگریی" (٢٠٠١: ٥١). هەروەها توندوتیژی و خۆخۆریی و ململانێی نێوخۆیی**

---

**١ دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لەم نوسینەی ئێمەدا، دوان لە ناسنامەی کوردی دوانە لە ناسنامە لە ئاستی ئیتنی دەرکەوتەکانیدا. وەك چۆن لە سەردەمی شەرەفخاندا هەبووە، یان لایەنی کەم ئەو خۆی وێنای کردوە. نەك بەو مانایەی لە گوتاری ناسیونالیزمیی کوردیدا پێی دەبەخشرێ. بە دەستەواژەیەکی دی، کوردبوون لێرە پتر دەلالەتی کۆمەلایەتییانەی هەیە و ئاماژەیەکە بۆ تایبەتمەندبوون لە بەرامبەر بە "ئەوانیتر" کە هەڵگری ناوی "کورد" نین. تایبەتمەندییەك کە لە دەرکەوتە هەمەگیرەکەیدا لە ئاستی ئیتنیدایە. هەرچەندە وێناکارییەکانی – وەك دواتر لە نێو شەرەفنامەشدا وای دەبینین – زێتر کۆمەلایەتیبوون. بەمەش کوردبوون یەکسان نیە بە کوردایەتی، کە ئەمەیان خودان دەلالەتی ناسیونالیستانیە و کردنی بە شوناسی ئەم گروپە ئیتنیە دیاردیەکی نوێیە و – وەك هێندێك لێکۆلیار و هزرڤان بۆی دەچن – لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە پتر چەکەرە دەکات.** (Vali 58-114 :2003).

بەردەوام، کە رێگر بووە لە بەردەم دروستکردنی قەوارەی سیاسی گەورە، لە چەند حاڵەتێکی دەگمەن نەبێ. تاکە سودێکی ئەم کەسێتییەی کورد ئەوە بووە کە ملکەچییان نەزانیوە. نەك هەر تەنیا بۆ یەکتر، بەڵکو زلهێزەکانیش نایەنتوانیوە وڵاتەکەیان کۆنترۆڵ بکەن و بەردەوام بە سەربەخۆیی ماونەتەوە (٢٠٠١: ٥٧–٦٠).

شەرەفخان ئاوا، هەر لە سەرەتاوە، باس لە هاوبەشی نێوان هێڵە کوردییەکان دەکات و ناڕاستەوخۆ روونی دەکاتەوە، کە ئەو دەخوازێ لە میانەی دەستنیشانکردنی مەبەستی سەرەکی لە نوسینەوەی مێژوو، ئەم هاوبەشێتیە ئاشکرا بکات. کاتێکیش ئەوی مێژوونوس، نوسین لە خانەدان و میرانی کورد چڕ دەکاتەوە، نەك تەواوی کورد، کە هەڵگری ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتییانە بوون، ئەوا ئەو گەڕانە بەدوای رابردوو دەبێتە حاڵەتێکی سیاسی، لە چوارچێوەی تێگەیشتنی ئەو بۆ دەسەڵاتدارێتی، وەك ئاڕاستەکاری رەوتی مێژوویی میللەتەکە بە گشتی. کە ئەمە ئەرکی مێژوو بێت و تەنیا نۆرمە سیاسییەکان بە هەند وەربگیرێ، ئیدی جیاوازییەکان بەرەبەرە ون دەبن. دەشێ ئاوا لە سەرەتادا، وەك دەردێکی کۆمەڵایەتی – سیاسی ئەزەلی و بێچارەی کوردان، باسیان بکات، بەڵام چیدی گرنگیان نامێنێ، با کاریگەریشیان بەسەر رەوتی رووداوەکاندا هەبووبێ. ئەوەی دەمێنێتەوە ئاستی نواندنی کردەی دەسەڵاتییانەیە لەلایەن بنەماڵە فەرمانڕەواکانەوە، کە پێگەیان لە نێو ئەو مێژووەی لە زەینی شەرەفخاندایە دیاری دەکات و بەهۆیەوە کارایییەکەی بەرجەستە دەکرێ.

سنوربەندکردنی مێژوو بە دەسەڵات، دەستنیشانی میتۆدی نوسینەوەی مێژووشی کردوە، نەك لە رووی چۆنیەتی خستنەڕووی زانیارییەکان، کە لەمەدا هاوشێوەی مێژوونوسانی تری سەر بە قوتابخانەی ئیسلامییە (النجار، ٢٠٠٧: ٨٥–١٥٣). بەڵکو لە چۆنیەتی دابەشکردنی مێژوو بۆ سەر چەند قۆناغێکیش، یان ئەوەی پێی دەگوترێ "قۆناغبەندی – Periodization"، دەکات. لەلای ئەو جۆرێك لە تایبەتمەندی هەیە کە پەیوەستە بە مێژووبینیی خۆیەوە و جیاوازە لەو دابەشکردنە باوانەی لە کولتوری ئیسلامییدا باو بوو، کە زیاتر دابەشکردن بوو بەپێی ساڵ و بەپێی دەوڵەتەوە. خۆ ئەگەر لەو کولتورەدا کەسانێك وا مێژوویان دەناساند کە ماوەیەکی دیاریکراوی زەمەنیە و تێیدا رووداوێکی گەورە و یەکلاکەرەوە بەسەر مرۆڤەکاندا دێت (الکافیجی، ١٩٦٣: ٣٣) و هەر ئەمە قۆناغی مێژوویی دیاری دەکات. ئەو رووداوە لای شەرەفخان ئاستی نواندنی دەسەڵاتە لەلایەن بکەرە سیاسیەکانی ناوەندی کوردیەوە. هەر ئەو ئاستەش بۆتە بنەمای سەرەکی دابەشکردنەکە. ئەو خۆی رایدەگەیەنێ، کە سەرباری پێشەکی، کتێبەکەی بەسەر چوار بەش دابەشکردوە؛ بەشی یەکەم: تایبەتە بەو والیانەی کوردستان کە ئاڵای سەڵتەنەتیان بەرزکردۆتەوە و مێژوونوسان لەریزی سوڵتانەکانیان داناون، ئەمەش پتر ئەو قەوارانە دەگرێتە، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کورد دایمەزراندوون، وەك: مەڕوانییەکان لە دیاربەکر و جەزیرە، حەسنوەیهییەکان لە شارەزوور و دینەوەر، فەزلەوەییەکان لە لورستانی گەورە، خورشیدییەکان لە لورستانی بچووك و ئەیوبییەکان لە

وڵاتی شام و میسر. بەشی دووەم: ئەو فەرمانڕەوا مەزنانەی کوردستانن، کە ئەگەرچی تەواو سەربەخۆ نەبوونە، بەڵام هەندێکجار فەرمانیان داوە وتاری ئایینی بە ناوی خۆیان بخوێنرێتەوە و دراوی تایبەت بە خۆیانیان لێ داوە، وەك بۆ نموونە میرنشینەکانی: ئەردەڵان، هەکاری، بادینان و بۆتان...هتد. بەشی سێیەمیش: فەرمانڕەوا و میرانی تری کوردستان، ئەوانەی کەمتر سەربەخۆ بوون. دوا بەشیش تایبەتە بە میر و فەرمانڕەوایانی بەدلیس (٢٠٠١: ٣٦-٤٥).

ئەم دابەشکردنە، لە دەرەوەی لۆژیکی پێشڤەچوونی مێژووییەوەیە. ئیدی مەرج نیە بزاوتی مێژوویی لە دواکەوتن بەرەو پێشکەوتن (شکست بۆ سەرکەوتن) بێت، بەڵکو دەبینین سەرەتاکانی مێژوو بریتی دەبێ لە پێشکەوتنێکی رەها و کۆتاییەکانیشی – کەم تا زۆر – دواکەوتنێکی ئەو پێشکەوتنەی پێشوو تر دەخاتەروو. بۆ ئەوی مێژوونوس پێنج دەسەڵاتداریتیە یەکەمینەکە، بەرجەستەی دابڕانێکی گەورە دەکەن لە نێو مێژووی کوردیدا؛ دابڕان لە نێوان بێ توانایی لە دروستکردنی دەوڵەتێکی بەهێز و دامەزراندنی قەوارەی بەرفرە و سەربەخۆ (٢٠٠١: ٥٨-٥٩). بێگومان لە پشت ئەو لۆژیکەی شەرەفخانیشەوە، شتێك دەبینرێ کە ئەویش مەیلە بۆ ئەفسانەزایی بە دەوری مێژووی رەگەزەوە، وەك بەشێك لە پرۆسەی وێناکردنی دەسەڵاتدرایێتی ئەم رەگەزە لە نێو مێژوودا. ئەفسانەسازیی لە بارەی رادەی سەربەخۆبوون، لەسەر بنەمای قولایی زەمەنی (میرنشین و دەوڵەتانی دەستەی یەکەم)، کە ئەم قولاییە بە ئەفسانەی دەکات. لەگەڵ رابردوویەکی نزیك (میرنشینانی دەستەی دووەم و سێیەم بە تایبەت)، کە لەبەر ئامادەبوونی بکەرەکان لە ئێستادا و ژیان لەنێو رووداوەکانیدا، کەمتر "هەست" بە رادەی سەربەخۆبوونەکەیان دەکرێ.

دواجار، ئەوەی لە قۆناغبەندییەکەدا جێگەی سەرنج بێ، ئەزموونی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی شەرەفخان خۆیەتی لە بەدلیس و تەواوی بەشی چوارەمی کتێبەکەی بۆ تەرخان کراوە. خۆ ئەگەر بڕیارە شەرەفنامە مێژووی هەموو کورد بێ، ئەوا تەرخانکردنی ئەو بەشە بە بەدلیس، هەم لەنگییەك دەخاتە نێو ئەم پێناسەی کتێبەکە، هەمیش بە گشتی میتۆدەکەی ئەو لە نوسینەوەی مێژوو دەخاتە قەیرانەوە. بەڵام کە ئەو پارە لێدان و ناوهێنان لە وتاری ئایینی دەکاتە پێوەر بۆ جوێ کردنەوەی پێگەی میرنشین و دەوڵەتان لە یەکتر، هەر خۆیشی جەخت لەسەر هەمان ئەو تایبەتمەندییانەی میرنشینەکەی دەکاتەوە (٢٠٠١: ٦١٤، ٦٢٣)، بەمەش لە کرۆکدا میرنشینەکە هاوشان دەبێ لەگەڵ – لایەنی کەم – ئەوانەی دەستەی دووەم. کاتێك مێژووش ناتوانێ لە دەرەوەی دەسەڵاتداریێتی کاراییەکی تر ببینێ، ئاسایی دەبێ ئەگەر ئەزموونی تایبەتی دەسەڵاتداریێتی بەشێکی سەرەکی لە تۆمارکردن بەر بکەوێ. وەك جۆرێك لە گشتگیرکردنی تایبەتمەندەوە؛ گشتگیرکردنی ئەو زانیارییە زۆرەی ئەو لەبارەی میرنشینەکەی خۆی هەیەتی، وەك نموونەیەکی تایبەت بۆ تەواوی ئەو قەوارە و دەسەڵاتداریێتییە کوردییانەی، لەبەر کەمی زانیاری، بە کورتی لە پێگە مێژووییەکەیان دواوە.

## تەوەرەی دووەم: ناسنامە و گێڕانەوەی ڕەهەندەکانی بە پێی شەرەفنامە

کاتێك شەرەفخان بڕیاری نوسینەوەی مێژووی میر و خانەدانانی کورد دەدات، خۆی لەبەردەم گروپێکی ئیتنی دەبینێتەوە، کە ئەوی لە تێگەیشتنی بۆ مێژوو بەوە گەیاندوە دەبێ لە دەستپێکی نوسینەکەیدا بیناسێنێ، بۆیە ئەو لەو یەکەم هەنگاوەیدا ڕووبەڕووی پرۆسەی دیاریکردن و دەرخستنی دوورابیەکانی ناسنامەکەی دەبێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی نوسینەوەی مێژووی ڕەگەزی جۆرێکە لە "خۆدەستنیشانکردن"ی ناسنامە. ئەمەش لەبەرامبەر بەو دەستنیشانکردن و مەرزانەی "ئەوانیتر"ی خودان کولتورێکی کەڵەکەبووی مێژوونوسیی ئەم گرۆ خەڵکەیان تێدا ناسیوە. بۆیە ئەوی مێژوونوس دەخوازێ "دەرکەوتە کردەکییەکانی ناسنامە"[2] باس بکات، کە لە ئاکامی بوونیان لە نێو مێژووی بەر لە شەرەفخان و لە ئێستای ئەودا شێوەگیر دەبوو، ئیدی مێژوونوسینیش ڕەنگدانەوەی درك کردنە بەو پرۆسەیە.

بێگومان پرسی ناسنامە ئەوکاتە دەکرێ کە گرفتێك هەبێ، وابکات هەڵگرانی ناسنامەکە بگەڕێنەوە سەری و بەرجەستەبوونی دوورابیەکانی بە پێویست بزانن، بۆ خۆبینین لە نێو جیهاندا. بەڵام ئەگەر ئەو بەرجەستەکردنە ئاسان نەبوو و بەشی زۆری ئەو دوورابیانە نادیار بوون، ئەو کاتە هەنگاوی یەکەمی پرسەکە – بۆ ئەو کەسەی بە ئاگایە – دۆزینەوە و کەشفکردنی ئەو دوورابیانەن. شەرەفخان ڕێك خۆی لەم حاڵەتەدا بینیوەتەوە. ئەو رایدەگەیەنێ کە لەبەر ئەوەی مێژووی میر و فەرمانڕەوایانی کورد نەنوسراوەتەوە، بۆیە بڕیاردەدات بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە مێژوویییەکانی فارس و ئەوەی لە پیرە پیاوانی ڕاستگۆی بیستوە، ئەم مێژوە بنوسێتەوە، تاوەکو: "سەربوردەی بنەماڵە ڕەسەنە مەزنەکانی کوردستان لە پشت پەردەی بێدەنگیدا نەمێنێتەوە" (٢٠٠١: ٣٦).

قۆناغی پێگەیشتنی ئەو، قۆناغی بەریەککەوتنی ناسنامەکان بوو، بەتایبەت ناسنامەی سیاسی و ئایینی و تاڕادەیەك ڕەگەزی، کە لە ئاکامی ململانێی گەرماوگەرمی نێوان هەردوو هێزی عوسمانی و سەفەوییدا هاتبوە کایەوە و ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبوو بەسەر پرۆسەی نوسینەوەی مێژوو، بەتایبەت لە بەری سەفەوییەکان (اشپولر و دیگران، ١٣٨٠ ﻫ.ش:١٦٣-١٧٧). ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر ئەو ڕوتەختە جوگرافییەشەوە هەبوو، کە شەرەفخانی پێوە گرێدرابوو. کاتێکیش گوزارشتکردن لە ناسنامە لە ئاکامی پەیوەست بوون بە ئەویتر و ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و جۆری پەیوەند بێ لەگەڵیدا، ئەوا وا لەو کەسە دەکات دەرکەوتە زەمەنییەکانی بنوسێتەوە.

---

[2] بێگومان کە دەڵێین دەرکەوتەی کردەکی ناسنامە، بۆ ئەوەیە لە تێگەیشتنی مۆدێرنە بۆ ئەم چەمکە دایبڕین، کە پەیوەستە بە قۆناغێکی درەنگتری گەشەسەندنی هۆشی مرۆڤەکان لە "خۆداهێنان" و "تاکگەرایی"دا (دومون، ٢٠٠٦).

لێرەوە شەرەفخان لە یەکەم هەنگاوی گێڕانەوەی مێژوودا، دەست بە ناساندن دەکات. هەوڵدەدات، لەگەڵ ئەو جیاوازی و پارچەپارچەییەی ئەم گروپە ئیتنیە لەخۆی گرتوە، رەگەزە پێکهێنەرەکانی ناسنامەکەیان دیاری بکات، کە وەك پێشتر گوتمان بە کۆیان "کوردبوون" پێکدێنن. ئەمە وادەکات ئەرکی مێژوونوسین دامەزراندنی ئەو بوونە بێ لە ئێستای مێژوونوسدا، بەمەش لەلای وی "هەبوون لەناو مێژوو" لە دەروازەی کوردەوە دەناسرێ. ئیدی ئەمە بوونێکی مەرجدارە و سەربەخۆ نیە، بەڵکو جۆرێکە لە بزاوت و بەردەوامیی و رێگە خۆشکەرە بۆ مێژووی میر و خانەدانانی کورد (دەسەڵاتداریتی وەك بابەتی سەرەکی مێژوو لای شەرەفخان). لەو مێژووەدا ئەوە رووندەبێتەوە، کە چەندە ناسنامەکە بەهێز بووە و لەلایەن ئەو بکەرە مێژووییانە نوێندراوە، یانیش لاواز بووە و سانا بووە، بەپێی رەوش و بە پشت بەستن بە دراوەکانی دەوروبەر، دەستی لێ هەڵبگیری یان راڤەی تری بۆ بکرێ.

لەم روانگەیەوە هەر سەرەدەریەك لەگەڵ رەگەزە پێکهێنەرەکانی کوردبوون، لە گوتاری مێژوویی شەرەفخاندا، لەو پرسەوە سەرچاوە دەگرێ کە چەندە "تایبەتمەندیەکان"ی ئەو رەگەزانە بەرجەستە بوونە، چ لەلایەن هەڵگرانی ناسنامەکە (کوردەکان) بووبێ، یان ئەوانیتری بینەر و زۆربەی کات ململانێکار لەگەڵیاندا؟ خۆ ناسنامەی مێژووییش لەو ئاستەی ئینتیمادا، دەخوازێ ئەم رەگەزانە بەرجەستە بکات کە لەبەردەم گۆڕانە مێژووییەکان قەوارە ئیتنیەکە دەپارێزن و وادەکەن لە نێو مێژوودا پێگەی بمێنێ. ئەگەر مێژوونوسێکیش لەو زەمەنەدا دەربکەوێت، هەوڵدەدات لە چوارچێوەی کۆمەڵێك حەکایەت ناسنامەیەکی گێڕانەوەیی بە رەگەزەکان ببەخشێ. ئیدی حەکایەت لەبارەی بنەچە، سروشتی کۆمەڵایەتی، جۆری دەسەڵاتدارێتی و بەشداری شارستانییانەی ئەم جڤاکە و...هتد دەگێڕێتەوە. وەك ئەوەی پرۆسەی گێڕانەوە ئامرازی بەردەستی ئەوبێ لە دەرخستنی ناسنامە. شەرەفخانیش وەك کەمێکی تر دەبینین رێك ئەم کارە دەکات.

### ١. رەهەندی جوگرافی

ئەگەر بڕیارە شەرەفخان مێژوو بنوسێتەوە، ئەوا وەك پەیڕەوێك لە میتۆدی باوی مێژوونوسیی، دەبوا دەستنیشانی ئەو روتەختەی بکردایە کە رووداوەکانی تێدا لەدایك دەبن. واتا دیاریکردنی ئەوەی پێی دەگوترێ "جیۆمێژوو" و بریتیە لەو پانتاییە جوگرافییەی کارا مێژووییەکان (کە لای شەرەفخان بنەماڵە رەسەنەکانی کوردستانن) (٢٠٠١: ٣٦) ، رەوتی رووداو ئاڕاستە دەکەن. بۆیە ئەو هەر لە پێشەکیەکەیدا هەم سنوری ئەو پانتاییە و هەمیش پێگەی لە نێو هەرێمەکان – بەپێی دابەشکردنی زانستی کلاسیکیی جوگرافیا بۆ جیهان بەسەر حەوت هەرێم – دیاری دەکات: دەستپێکی ولایەتی کوردستان لە کەناری دەریای هورمز (کەنداوی فارسی)یەوەیە، کە دەکەوێتە کەناری دەریای هیندییەوە. لەوێشەوە بە هێڵێکی ستوونی درێژ دەبێتەوە تا لە

**ویلایەتی مەلاتیە و مەرەش کۆتایی دێت. لە باکوری ئەم هێڵەش ولایەتی فارس و عیراقی عەجەمی و ئەرمەنی بچووك و ئەرمەنی گەورە هەیە، لە باشوریش عیراقی عەرەب و موسڵ و دیاربەکرە (٢٠٠١: ٥٠–٥١).**

**لەلای ئەم مێژوونوسە، ئەو پانتاییە جوگرافیە مانایەکی ئیتنی هەیە و تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە کوردبوونەوە، تەنانەت جوگرافیا درێژکراوە و بەرجەستەکاری ئەو بوونەیە. هەر بۆیە، کە ئاماژە بۆ هەبوونی کورد لە دەرەوەی کوردستان وەك تەواوکەرێکی بوونیان دەبێ لە ناو پانتاییەکە. چونکە ئەو مێژووەی ئەو پلانی گێڕانەوەی داڕشتوە مێژووی نیشتیمانێکە نەك میرنشینێك، هۆزێك یان تیرەیەك بە تەنیا. ئەمەش دەربازبوونە لەو یادەوەرییەی تا ساتەوەختی ئەو، ئەوانیتر لە سەرەدەریان لەگەڵ مێژوودا کاریان پێ دەکرد. ئەو دەخوازێ لە دووتوێی یادەوەریەکی هەمەگیرەوە زەوی ببینێ، بۆیە مێژوو لەلای ئەو مێژووی هەموو ئەمانەیە (بنەماڵە، تیرە، هۆز، میرنشین، دەولەت) لە نیشتیمانێکدا.**

**لێرەوە ئەوەی شەرەفخان کردی بە نیشتیمانیکردنی مێژوویەکی بێ رووتەخت بوو. بەجۆرێك کە وای لێ دێ رەوتی مێژوو رەوتی نیشتیمانێك بێت لە نێو زەمەندا و هەر ئەو نیشتیمانەش قەدەری مێژووەکە بێت. ئەمە بۆچوونی پسپۆری بواری شەرەفنامە، ڤاسیلییێڤایە (چەند نوسەرێك، ٢٠٠٥: ٢٦٩)، کە هەر ئەوەندە ناڵێت، بەڵکو وایدەبینێ نیشتیمان لە زەینی شەرەفخاندا ئەبەدییە و لەسەرووی شوێنکاتەوەیە. ئیدی ئەم هەبووە ئەبەدیەش دەبێ مێژوویەکی هەبێ بنوسرێتەوە تا بەهۆیەوە ئەبەدیبوونەکەی بەیانبکرێ و "بگێڕدرێتەوە"، یان بابڵێین زانینێك هەبێ کە مێژوەکەی بیگێڕێتەوە، چونکە ئەوە گێڕانەوەیە لە ئێستای مێژوونوسدا ئەبەدیەتی گێڕدراوە دەسەلمێنێ و ناسنامەیەکی روونی پێ دەدات. ئەگەر ئەو "زەمین"ەش هەیە، ئەوا مێژوویەکیش هەیە، کە دەبێ – وەك ئاکامێکی هەبوونی "زەمینە – نیشتیمان" – سنوربەندی بکات. بۆیە کاراترین بکەری مێژوویش هەر ئەوەیاندەبێ، کە لەو زەمینەیەدا خۆی نواندوە (چەند نوسەرێك، ٢٠٠٥: ٢٧٣، ٢٧٩).**

**بێگومان بە نیشتیمانیکردنی مێژوو، سنوری بۆ تێگەیشتنی پەیوەندی نێوان جوگرافیا و مێژوو داناوە، لایەنی کەم بەو چەشنەی لە کولتوری مێژوونوسیی ئیسلامیدا هەبوو. ئیدی قسەکردنی شەرەفخان لەسەر جوگرافیای کوردستان، بە مانای لێکدانەوەی رووداوەکان بەپێی ئەم کایەیە نیە و نەیوستوە کاریگەری دیاردە سروشتیەکان بەسەر کەسێتی کوردی بخاتەڕوو. ئەگەرچی دیاریکردنی شوێنی وڵاتەکە بەپێی دابەشکردنی کلاسیکی جیهان بۆ سەر هەرێمەکان (٢٠٠١: ٦١)، رێگەخۆشکەرە بۆ لێکدانەوەی ئاوا. بەتایبەت کە بیرۆکەی حەوت هەرێمیی زۆرجار خراوەتە خزمەت ئەو لێکدانەوەی مێژوو. تەنانەت بۆ خوێندنەوەی کارایی مێژوویی کوردیش بەکارهێنراوە، وەك لای ئیبن خەلدون (م. ٨٠٨ك/١٤٠٦ز) دەبینرێ (١٩٨١: ٦٥). بەڵام ئەم تێگەیشتنە لە رۆڵی جوگرافیا لە**

دەرەوەی بیرکردنەوەی مێژوونوسەکەی ئێمە ماوەتەوە. لای ئەو زەوی ئەو رووتەختەیە کە ئەم گروپەی مێژووی دەنوسێتەوە لەسەری دەژی و کارایی مێژوویی خۆی تێدا دەنوێنێ و مەبەست لە باسکردنی بەرجەستەکردنی سنوری بڵاوبوونەوەی ئەم گروپەیە. واتا بەشێکی ئەو ناسنامەیەیە کە کوردی پێ دەناسرێ. تەنیا ئەوە نەبێ سەختی سروشتی کوردستان وای کردوە کوردەکان – بە بەراورد لەگەڵ میللەتانی تر – بەردەوام خەریکی دابینکردنی بژێوی ژیانیان بن. ئەمەش، لەلایەك وای کردوە رازی بن بەوەی لە بەردەستدایە و کەمتر ویستی رووبەڕووبوونەوەی سروشتیان تێدا بێ، لەلایەکی تریش بەربەست بووە لەبەردەم هەر هێزێك هەوڵیدابێ خۆیان و وڵاتەکەیان کۆنترۆڵ بکات. بۆیە بەردەوام ئازاد، بەڵام دوورەپەرێز و بێ کاریگەر بەسەر رووداوی مێژوویی، ماونەتەوە. (٢٠٠١: ٦٠).

### ٢. رەهەندی رەگەزیی

رەهەندی هەرە سەرەکی ناسنامە لای شەرەفخان رەسەنی کوردە، ئەو دەستپێکەی رەوایەتی بە هەبوونی ئێستایی ئەوان دەبەخشێ. لێرەدا ئەو هانای بردۆتە بەر کۆمەڵێك ئەفسانە کە لە کولتوری مێژوونوسی ناوچەکە، لەبارەی ئەم رەسەنە باو بووە. وەك بۆ نموونە گرێدانی رەسەنی کورد بە ئەفسانەی ئەژدیهاکەوە، کە تیایدا کورد وەك پاشماوەی ئەوانەی لە دەستی ئەژدیهاك رزگار بوونە باسیان لێوە دەکرێ. بێگومان ئەم ریوایەتەش، لە ڕووی مێژووییەوە، پتر بە کولتوری فارسەوە پەیوەستە. هەرچەندە رەنگە ئەستەم بێت بتوانین کاتی بەئەفسانەکردنی ئەژدیهاك لە کولتوری فارسیدا دیاری بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی زانراوە خەیاڵدانی فارسی لایەنی کەم لە سەدەی پێنجەمی زایینیەوە بەو ئاڕاستەیەوە وێنای ئەم کەسایەتییە میتۆلۆژییەی کردوە[٣]. گرێدانی رەسەنی کوردیش بەم ئەفسانەیەوە زێتر لە سەدە ناوەنجیەکانەوە گەڵاڵە دەبێت و دەبێتە بەشێکی کولتوری هیستۆریۆگرافیای ئیسلامیی بەگشتی. فارسەکانیش وەك دامەزرێنەرێکی هەرە کارای ئەم کولتورە، لە زوویەکەوە داکۆکیان لە رەسەنی فارسییانەی داستانەکە کردوە و نکۆڵیان لە ناوەڕۆکەکەی نەکردوە و رەگەزە ئەفسانەییەکەشیان وەك راستییەکی مێژوویی بینیوە (المسعودی، ٢٠٠٤: ١٢٩/٢). بۆیەشە تەواوی ئەو ئەفسانەیە وەك بەشێکی مێژووی فارس دەمێنێتەوە و لەلای مێژوونوسانی پێش و هاوسەردەمی شەرەفخان، وەك گێڕانەوەی سەرەکی راڤەکردنی بنەچەی کوردان خراوەتە روو (میرخواند، ١٣٧٥ هـ. ش: ١١١/١؛ سروری، ١٣٤١هـ. ش: ١٠٣٨؛ ابن خلف تبریزی، ١٣٤٤ هـ. ش: ١٦١٥/٣– ١٦١٦).

---

[٣] ئەمە بە ئاشکرا لە وتەکانی مێژوونوسی ئەرمەن"موسیس خوریناتسی"(م. ٤٩٣ز) دیارە، کە وەك تانە لە فارسەکان، ئاماژە بۆ بە ئەفسانەکردنی بەسەرهاتی ئەم پاشایە دەکات (١٩٩٦: ٨٠–٨١).

بەهەمان شێوە بەسەرهاتی رەسەنی جنۆکەیی کوردیش، هەر لە سەدەکانی ناوەرستدا برەوی سەندوە و ئاکامێکی قەبوڵکردنی زانینی مێژوویی عەرەبی ئیسلامیی بووە بۆ ئەو کولتورە زارەکی و نوسراوە دەوڵەمەندە، بەڵام میتۆلۆجییەی، جولەکە و مەسیحییەکان، کە وەك بەشێك لە دەقی ئایینی و یادەوەری مێژووییان کاریان پێدەکرد و پێی دەگوترێ "الاسرائیلیات". گەڕانەوە بۆ ئەم کولتورەش، هەوڵێك بوو بۆ بەرهەمهێنانی تێگەیشتنێکی گشتگیر لە پانتایی ئیسلامییدا؛ هەم بۆ دەقی ئایینی بنەڕەتی (کە قورئانە)، هەمیش بۆ ئەو رووداو و بەسەرهاتانەی پەیوەست بوون بەو کولتورە، کە بە کورتی و نادیاریەوە لە نێو ئایینە تازەکەدا خرابوونەڕوو (Lewis & Holt، 1962)، لەوانەش چیرۆکی سلێمان و جنۆکەکانی.

بەڕای ئێمە ئەو گێڕانەوە ئەفسانەییانەی لە قۆناغێکی زووی سەدەکانی ناوەڕاستەوە لەمەڕ رەسەنی کوردان لەنێو کولتوری مێژوونوسیی ناوچەکە بەگشتی باو دەبێ، پەیوەستە بە سیستەمی پەیوەندی ئەوانیتر – کە خودان یادەوەری مێژوویی نوسراون – بە کوردەوە و لەچوارچێوەی وێناکردنی "سەنتەر" بۆ "کەنار" مانای گێڕانەوەیی خۆی دەبێ؛ سەنتەرێك کە هەژموونێکی سیاسی و کولتوری هەبووە و توانای بەرهەمهێنانی مەعریفەی مێژوویی هەبووە، لەگەڵ کەنارێك کە پەراوێزخراوە و بۆتە بابەتێك بۆ ئەو مەعریفەیە و وێناکانی بۆ دەکرێن بە ناسنامە. ئەمە پرۆسەیەکی دەسەڵاتییانەیە کە تیایدا گێڕانەوەکان، لە پشت رووپۆشە ئەفسانەییەکانیانەوە، مەبەستیانە جەخت لەسەر سروشتی "چیانشینی" و "ناشارستانی" کوردان بکەنەوە (لشکری، ٢٠٠٤: ٨٩-٩٣). ئەمە بۆ سەلماندنی جیاوازبوونیان و بەخشینی بەهایەکیش بووە بەو شوناسەی سەنتەرەکە بۆ خۆی، لەرێگەی یادەوەری مێژووییەوە دەینەخشێنێ. ئیدی لەم گێڕانەوانە ناسنامەی کوردان مەبەستێك نیە لەخۆیدا، ئەوەندەی رەوایەتی بەخشینە بە وێناکردنێك بەو شێوەیەی بۆ سەنتەر گونجاوە و رەنگدانەوەی پەیوەندییە هەنووکەییەکانیەتی بەو خەڵکە.

بە گەڕانەوە بۆ شەرەفخان، دەڵێین قەبوڵکردنی بەسەرهاتەکان لەلای ئەو بێ خوێندنەوەی ئەو پاشخانەی تێیدا دەرکەوتوون، بەمانای رازیبوون بەو وێنایانەی "ئەویتر" لەسەر کورد دێت و بەگەڕخستنیانە لە کردەی ناسین بەگشتی. ئەمەش ئاکامی کاری مێژوونوسێکە، دەیویست لە هەڵبژاردنی بابەتەکەیدا رچەشکێن بێت. بەڵام وەك گوتمان بۆ بینینی وردی رەهەندەکانی ناسنامەکە، پێویستی بەوە دەبێ بچێتەوە سەر وێناکانی ئەوانیتر کە بۆتە بەشێك لە کولتوری مێژووییان، چونکە دەزانێ و رایدەگەیەنێ سەرچاوەی نوسراوی تایبەت بە مێژووی کوردی لەبەردەستدا نیە (٢٠٠١: ٣٦). هەربۆیەشە لە باسی رەسەنی کوردان دووچاری قەیرانی ناسینەوەی راستیی مێژوویی دەبێتەوە. بەتایبەت لە گەڵاڵەکردنی تێگەیشتنێك لەبارەی ئەو رەهەندەی تەواو پەیوەستە بە زانیاری نێو ئەو کولتورانە و لەسەر دەقی نوسراوی ئەوانەوە دامەزراوە و کەمتر مێژووی زارەکی و بینینەکانی خۆی بەهانایەوە دێن، لە خوێندنەوە و دەرخستنی بونیادە

گێردراوەکەی، کە ئەویش رەهەندی رەگەزی – ئیتنی ناسنامەی کوردە. بۆیە، ئەوێکی پەروەردەی نێو کولتوری مێژوویی ئەوان، دەکەوێتە ژێر کاریگەری تێزەکانیانەوە و ناتوانێ لەو بازنەی بیرکردنەوەیان دەربازی ببێ، کە رەسەنی کوردیان تێدا جێکردۆتەوە. جێکردنەوەیەك کە پەیوەست بوە بە لاوازی دراوە مێژووییەکان بەگشتی و ئاوێتە بوونی راستی و ئەفسانە لە بەرهەمهێنانی مەعریفەی مێژوویی و پابەندبوون بە کۆمەڵێك بڕیاری پێشینە (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی)، لە بینینی ئەم رەگەزە مرۆییە.

هێنانەوەی ئەم جۆرە گێڕانەوانە، لە رووکەشدا لاوازی شەرەفخان لە دەرچوون لە کولتورە باوەکەی ئەوانیتری خودان هەژموونی رۆشنبیری نیشان دەدات. بەڵام لە کرۆکدا رەنگدانەوەی لاوازی بەڵکو نەبوونی و شێوەگیرنەبوونی ئەو کایە مەعریفییەیە لە ئاستی نوسین لە پانتایی کوردیدا. بەمەش کەڵەکەبوونێك لەو مەعریفەیە لە ئارادا نەبووە و گێڕانەوەی کوردی لەبارەی رەچەڵەکیان، کە بەرهەمی ئەقڵییەتی خۆیان بێت و گوزارشت لە خۆناسینی ئەوان بکات، جا ئەفسانەیی بێت یان لە ناوکۆی مێژووییەوە رەوایەتی پێدرابێت، کەم بووە. ئەگەر هەشبووبێ یادەوەری دەستەجەمی لەبەردەم دەسەڵاتی زەمەن، نەیتوانیوە بەردەوامێتی پێبدات و بیگەیەنێتە دەست شەرەفخان.

لێرەوە پرسی بنەڕەتی ئەوە دەبێ: ئاخۆ نەدەکرا شەرەفخان ئەم گێڕانەوانەی پشتگوێ خستبایە و بێ باسکردنی بنەچەی کورد، بچووبایەتە ناو بابەتە مێژووییەکانەوە؟ وەڵامی پرسیارەکە هەر زوو بە نەخێر دەدەینەوە، چونکە ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی توێژەرانی بواری گروپە ئیتنییەکان هاوڕاین، کە پێیان وایە باسکردنی بنەچە بابەتێك نیە لەلایەن ئەو گروپانە – لایەنی کەم دەستەبژێرەکەیان – وەلابنرێ، چونکە گێڕانەوەی حەکایەتە ئەفسانەییەکان لەبارەی رەسەن و بنەچەی هاوبەش خەمێکی سەرەکییە لە دەستنیشانکردنی ناسنامەی گروپەکە ( Dawod, 2008: 79-88). خۆ دەشێ بەشێکی زۆری وەڵامی پرسیارەکە، لە نێو ئەو فەزا مێژوونوسییەشدا ببینینەوە، کە شەرەفخانی مێژوونوسی تێدا پێگەیشتووە. دیارە کە مەبەستمان مێژوونوسیی ئیسلامییە؛ لەوێدا "علم الأنساب – رەگەزناسی" وەك پێویستییەکی شەرعیی – ئایینی سەرەدەری لەگەڵدا کراوە و بۆتە پێداویستیەکی دەسەڵاتییانە، تەنانەت لەچوارچێوەی جڤاکی ئیسلامیدا رەگەزناسی بۆ دابینکردنی پێداویستییە رەمزییەکانی ئەو ململانێیەش بووە، کە لەنێوان گرۆیە ئیتنی و ئایینیەکاندا روویانداوە (Khalidi ١٩٩٦: ٤٩–٦١). بۆیە بنەچە دەبێتە ئەو سەرمایە رەمزیەی، ئەم گرۆیانە لە بەردەم ئەویتردا هانای بۆ دەبەن و بەکاری دەهێنن. ئیدی پشتگوێ خستنی ئەو گێڕانەوانە، لەگەڵ نەبوونی گێڕانەوەیەکی تر لە جێگەی ئەوان بێبەشکردنی کوردانە لەو سەرمایەی کاریگەری بەسەر پەیوەندیان بە دەوروبەرەکەیان هەیە. ئەگەرچی گێڕانەوەکان هی ئەو دەوروبەرە خۆیەتی، بەڵام خۆ جەختکردنەوەیەکە لەسەر هەبوونی بنەچەیەکی دێرین و ناسراو.

بەمەش ئەو رەگەزناسییە خۆی دەبێتە مەبەستی مێژوونوس نەك ماقوڵیەتی گێڕانەوەکە و گونجان یان نەگونجانی لەگەڵ راستی مێژوویی، بەو مانایەی لە ئێستادا پێی دەدرێ.

دواجار نابێ ئەو تاکە راڤەکردنەی ناوی کوردیشمان لە بیر بچێ، کە لە نێو شەرەفنامەدا یاداشت کراوە و بۆنی نێوخۆییبوونی لێدێت، دیارە مەبەستمان ئەوەیانە کە دەڵێ سەرچاوەی ناوی کورد "گورد"ە و ئاماژەیە بۆ ئازایەتی و جەربەزەیی میللەتەکە (٢٠٠١: ٤٩). ئەوەی لەم گێڕانەوەیەش جێگەی سەرنج بێت ئەوەیە، کە ناوەکە بە هیچ رووداوێکی مێژووییەوە پەیوەست نەکراوە. بە هەمان شێوە جگە لە شەرەفنامە لە سەرچاوەی تردا بەرچاو ناکەوێ. ئەو گێڕانەوەیە ئەوەندەی جەخت لەسەر رەهەندی کۆمەڵایەتی ناسنامەی کوردان دەکاتەوە، ئەوەندە کاری لەسەر مێژوو خۆی نەکردوە، بۆ دۆزینەوە یاخود بەستنەوەی بە کەس یان رووداوێکەوە تا رەوایەتی ئێستاکییان هەبێ. بەڵام خۆ ئەو راڤەیەی ناوی کورد لەگەڵ تێگەیشتنی یادەوەری دەستەجەمعی بۆ رەسەنێتی دەگونجێ، تا ئەوکاتەی ئەوان لەنێو مێژوودا بمێننەوە و پەیوەست بن بەو سروشتە کۆمەڵایەتییەی تیایدا ئازایەتی بۆتە یەك لە ناونیشانەکانیان، ئەوا دەشێ گێڕانەوە بەبێ هەبوونی پاشخانی مێژوویی نوسراو و تۆکمە، بمێنێتەوە و بەرهەمبهێنرێتەوە. بەڵام بێ ئەوەی بتوانێ – وەك بینیمان – گێڕانەوەکانی ئەوانیتر وەلابنێ و لە گوتاری مێژوویی کورداندا بیانسڕێتەوە.

لە راستیدا گێڕانەوەکانی ئەو لێرە بەدواوە، تا سەرهەڵدانی مێژوونوسیی هاوچەرخی کوردی، دەبێتە پاشخانی باوەڕپێکراوی نێو یادەوەری کوردی و لەلایەن دەستەبژێرەکەیەوە، ئەو کاتەی دەخوازن مێژوو بنووسنەوە، بەرجەستەی دەکەنەوە. وەك لەلای هەندێك لە مێژوونوسانی قوتابخانەی ئەردەڵان دەردەکەوێ، کە لە ناساندنی کورددا تەواو پابەندی چوارچێوە شەرەفنامەییەکەن (بۆ نموونە بروانە: خسرو بن محمد، ٢٥٣٦: ٣؛ سنندەجی، ٢٠٠٦: ٤٨).

### ٣. لە هاوڕەسەنییەوە بۆ فرەڕەسەنی

پرسی گەڕان بەدوای رەسەن و بنەچە، بە گێڕانەوەی حەکایەتەکانی رەسەنی کورد کۆتایی نایەت. بەڵکو ئەمە پرسێکی بنەڕەتییە لە تەواوی کتێبەکەدا؛ لە سەرەتای باسکردنی هەر میرنشینێك رووبەرووی دەبینەوە. ئەگەر لە دیباجەی کتێبەکە لەبەردەم رەسەنێکی گشتی تەواوی کورداندا بووین، ئەوە لێرە بەدواوە کار لەسەر رەسەن و ناسنامەی تایبەت بە هەریەك لە قەوارە سیاسییەکان کراوە. بەڵام ئەوەی لێرەوە جێگەی سەرنج دەبێ ئەوەیە، کە بنەماڵە فەرمانڕەواکان پابەند نین بەو بنەچە گشتییە هاوبەشەی مێژوونوس لە دیباجەکەدا هێناویێتیەوە. لێرەدا وادێتە پێش چاو شەرەفخان کەوتۆتە نێو دژایەتییەکی گەورەوە، کە بریتیە لە نەگونجانی رەسەنی گشتی کورد لەگەڵ رەسەنی بنەماڵە فەرمانڕەواکان. ئەگەر – بۆ نموونە – هەموو کورد لە پاشماوەی ئەوانە بن، کە لە ترسی ئەژدەهاك چوونەتە چیاکان، ئەی چۆنە هێندێکیان بە رەچەڵەك عەرەب و هێندێکیش فارس و

چەندانێکیش ڕەسەنی کوردانەیان هەیە؟ ئەمە وای کردوە وا زەن بکەین مێژووی نوسراو ماقولیەتی تێدا نییە و هیچ پێکبەستێك لە نێوان ئەلقەکانی نییە و تەواوی مێژووەکە وەك کۆکردنەوەی لێك دژەکان بێتە بەرچاو.

هەرچۆنێك بێت، بە بۆچوونی ئێمە، ئەو دژایەتییەی نێوان ڕەچەڵەکی گشتی و ڕەچەڵەکی تایبەتی، ئەو کاتە نامێنێت کە بزانین ئەوەی مێژوونوس دەخوازێ بیخاتەڕوو مێژووییەك نیە کە دەبێ ڕووداوەکانی ناوی تەواوکەری یەکتر بن. ئەوەندەی مێژووییەکە بەردەوامێتی هەیە، وەك دواتر پتر شی دەکەینەوە. هەروەها، لە مێژووی ئاوادا، ئەو بابەتە سەرەکییەی مێژوونوس دەخوازێ باسی بکات، هەبوونی ڕەسەن و ڕەچەڵەکێکە وەك خاڵی دەستپێك و هەرە بنەڕەتی لە گوتاری مێژوویدا. نەك گەڕان بەدوای ماقوڵیەتی ئەم دەستپێکە و گونجاندنی لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکان. بەدەستەواژەیەکی دی، هەبوونی حەکایەتێك کە بگێڕدرێتەوە مەبەستی مێژووە، جا ئەم حەکایەتە ئەفسانەیی بێت یان ڕاستی، دژیەك بێت لەگەڵ ئەفسانە و حەکایەتی ڕەسەنی یەکەمین یان نا.

بنەچە و ڕەسەنی هاوبەش جەخت کردنەوە بوو لەسەر تایبەتمەندیی ئەم گروپە ئیتنییە، لە بەرامبەر بە ئەویتردا. کەچی بنەچەی جیاوازی بنەماڵە و خێڵە کوردییەکان، ئەگەرچی هەمان ئەو جەختکردنەوە لەخۆ دەگرێ، بەڵام ئەمجارە، سەرباری ئەویتر، لە بەرامبەر کورد خۆی و ئەو یادەوەرییە مێژووییەیە کە لە خەیاڵدانی کۆمەڵایەتییاندا هەیە. بۆیە ئاسایی دەبێ، ئەگەر لەدوای دیباجەکە و لە باسی قەوارە کوردییەکان، دەنگۆی بنەچە هاوبەشەکە نەمێنێ و لەبەردەم بنەچەی ئەوتۆ بین، کە سەرمایەی ڕەمزی هەریەك لەو قەوارانە لە پانتاییەکەدا زێدە بکات. مەگەر ئەو میرنشین و قەوارانە نەبێ، کەوا خاوەن بنەچەی تایبەتی هاوبەشن، وەك لە حاڵەتی بەدلیس و صاصۆندا هەیە، کە هەردوولا – بەپێی شەرەفخان – دەچنەوە سەر ساسانییەکان. هەر بۆیە ئەو بە ئامۆزای یەکتریان دادەنێ (٢٠٠١: ٣٦٣). جگە لەمە چەند نموونەی تری هاوشێوەمان هەیە، کە ئەمەش ڕەنگە زێتر ڕەنگدانەوەی هاوپەیمانێتی ئەو بنەماڵە یان خێڵ یاخود میرنشینانە هەبێ، یانیش پەیوەندی بە نزیکی سنوری جوگرافی یاخود تەنانەت تێکەڵی کۆمەڵایەتییەوە هەبێ، نەك ئەوەی کە هەردوولا دەچنەوە سەر ڕەسەنی هاوبەشی کوردانەوە.

وەك لە خشتەی هاوپێچ هاتووە، بەشی هەرە زۆری ڕەسەنی بنەماڵە و میرنشینە کوردییەکان، ناکوردییە و هەریەك لەوان خۆیان دەگێڕنەوە سەر میللەت و نەتەوەی ترەوە. بەمەش ئێمە لەبەردەم پرۆسەیەك دایان، کە دەشێ ناو بنرێ پرۆسەی "خۆ بە ئەویترکردن"؛ بوون بە ئەویتر و دۆزینەوەی کەسانێك لەنێو مێژوودا، کە سەرجەلەی بنەماڵەکە لەوەوە دەست پێ بکات. وەك دیارە ئەم ئەویتربوونەش، زێتر خۆی لە عەرەببوندا دەبینێتەوە و کەمتر فارسبوونە؛ بەهێزترین ئەو ریوایەتانەی لەبارەی فارسبوونەوە هێناویێتیەوە گێڕانەوەی بنەماڵەکەی خۆیەتی بۆ سەر ساسانییەکان، وەك ئاماژەمان پێدا. ئەم گێڕانەوەیش کەمتر دەچێتە چوارچێوەی بە "ئەویتربوون" و

تەماهیکردن لەگەڵ یادەوەرییە مێژووییەکەی، ئەوەندەی پشتڕاستکردنەوە و وەڵامدانەوەیەکی ئەو تێگە مێژووییەیە کە تیایدا ساسانییەکان بە کورد دانراوان (لەشکری، ٢٠٠٤: ٥٣-٥٤). ئەمە بێ ئەوەی ئەوەمان لەبیر بچێ کەوا ئەم بە کوردکردنەی ساسانییەکانیش، پەیوەستە بە زەمینەی سەرهەڵدانیان و روانگەیەکی نەیارانە بۆ رەسەنیان و هەوڵێك بووە لەلایەن دەسەڵاتدارانی پێش خۆیان (ئەشکانییەکان) بۆ بێبەهاکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و سەرمایە رەمزییەکەیان، بەو پێیەی کوردبوون گوزارشت لە خێڵەکێتی و کۆچەرێتی دەکرد. ئەبو حەنیفەی دینەوەری (م. ٢٨٢ك/٨٢٥ز) باشی روون کردۆتەوە کە دەڵێ: "بۆ بەکەمزانین بە ساسانیان دەگوت ساسانی کورد" (دون تاریخ: ٣٠). بەڵام خۆ شەرەفخان مامەڵە لەگەڵ ئەو بەکەم زانینە ناکات، ئەوەندەی دەخوازێ پاشخانێکی مێژوویی لەسەر شکۆی ساسانییەکان و کارایی مێژووییان دابرێژێ.

هەرچۆنێك بێت، وەك گوتمان لە شەرەفنامەدا عەرەببون پتر گوزارشت لە ئەویتربوون دەکات و نزیك بە نیوەی قەوارە کوردیەکان لە رەسەندا خۆیان بە عەرەب زانیوە. بەڵام نەك بە هەمان ئەو تێگەیشتنەی لە فارسبووندا هەبوو، چونکە لێرە مەرج نیە عەرەببوون ئاماژەبێ بۆ قۆناغێکی شکۆمەندی و بێهاوتایی، بەڵکو هێندێکجار گەڕانەوە بۆ عەرەبێکی ئاسایی و سادە - نەك پادشا و خاوەن دەسەڵات - بەس بووە بۆ شانازیکردن بە رەسەنەکە و شەرعیەتی هەبوون لە نێو مێژوودا، وەك بۆ نموونە لە مێژووی میرانی دونبولی و میرانی مەحمودی دیارە (٢٠٠١: ٥٠٣،٥١٣). لە راستیدا شەرعیەتی هەبوون لە نێو مێژووش، شەرعیەتی دەسەڵاتدارێتیە لە ئێستادا. هەر بۆیەشە داڕشتن و تۆمارکردنی رەسەنی دەسەڵاتدارانە، دەسەڵاتێکی رەمزی بەهێزی لە زەمینەی جڤاکێکی موسڵمانی وەك کورددا هەیە، دەبێتە خەمێکی سەرەکی ئەم قەوارە کوردیانە و مێژوونوسیش تێبینی کردوە و دەیکاتە بابەتی مێژووی نوسراو. لە پێناو بەرجەستەکردنی یادەوەریان و جەختکردنەوە لەسەر مەبەستی هەرە سەرەکی مێژوو، کە هەبوونی دەسەڵاتییانەی کوردە، لە رێگەی بینینی قوڵاییە مێژووییەکەی ئەم هەبوونە و رەگەزە پیرۆزەکەی ئەو دەسەڵاتدارێتییە ئێستاکییانە.

ئەمەش پێمان دەڵێ "ئەویتر بوون" مانای ئەوەیە پرۆسەی گەڕان بەدوای ناسنامە هاوئاست بووە لەگەڵ "خۆدۆزینەوە" و رەگەزە بێهاوتاکانی ئەم خودە. بوون لەنێو جیهاندا هاوشێوەبوونی خودە لەگەڵ ئەوانیتر و بەشداربوونە لەو یادەوەرییە گشتگیرەی گروپە ئیتنیە باڵاکان هەیانە و بۆ "خۆ دەربڕین" کاری پێدەکەن. ئیدی مێژوونوس لێرە تەنیا "ئێمە"یەکی کوردیمان پێ ناناسێنێ کە لە زەمینەی ناوخۆییدا کارایە، بەڵکو ئەو "ئێمە" کوردیەش دەناسێنێ، کە دەشێ لە لایەن ئەوانیتریشدا تێگەیشتراو بێ و تەنانەت دراوێکی ویستراویشیان بێت و "ئێمە - کورد" بەو "ئەوانیتر - عەرەب، فارس" ببەستێتەوە.

نابێ ئەوە لە بیر بکەین، کە دەستەی یەکەمی دەسەڵاتدارێتییە کوردیەکان، ئەوانەی لیوای سەڵتەنەتیان بەرز کردۆتەوە، جگە لە کوردبوون هیچ رەسەنێکی تریان نیە. ئەم رەسەنەش هەمان

ئەو هێزە ڕەمزییەی هەبووە، کە عەرەببون هەیبوو. بۆیە خۆ گەڕاندنەوەی بەشێك لە فەرمانڕەوایانی دەستەی دووەم و سێیەم بۆ ئەوان (٢٠٠١: ٢١١، ٤٩٥، ٥٠٣)، خۆ دۆزینەوەیەکی ڕەوایە و هێندێك جار مێژوونوسیش داکۆکی توندی لێ دەکات (٢٠٠١: ٤٩٥). ئەمەش بە مانای ئەوە دێت دەشێ ڕەوایەتی بەخشین بە دەسەڵاتدارێتی، لە میانەی گەڕانەوە بێ بۆ سەروەرێتی باڵای کوردانە، ئەوکاتەی ئاستی دەسەڵاتی لە لوتکە دەبێ و تەواو سەربەخۆن. هەر ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی، فەرمانرەوایانی دەستەی یەکەم، ببنە سەرچاوەی ڕەوایەتی بۆ ئەم بنەماڵانەی دوای خۆیان، تا لەسەر میراتی ڕەمزیی ئەواندا دەسەڵاتێکی دانپیانراو و ڕێزلێگیراویان هەبێ.

## تەوەرەی سێیەم: بەردەوامێتی مێژوویی وەك جەختکردنەوەیەك لەسەر ناسنامە

لە پێشدا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە "ئاگایی" بە "گۆڕانەکان" پێشمەرجە بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی مێژوو لای مێژوونوس. هەربۆیە بەردەوامی گۆڕان و بەدوایەکدا هاتنی ڕووداوەکان، زامنی مانەوە لەناو مێژوودا دەکات. کارایی مێژوویی هەر بنەماڵەیەك یاخود میرنشینێك پەیوەستە بەو بەردەوامییە لە نێو زەمەندا و هەندێکجاریش بەو شوێنەی تێیدا دەژی. ئەگەر مەبەستێك لە پشت مێژوونوسییەوە هەبێت، کە وا لە شەرەفخان دەکات جەختی لەسەر بکاتەوە، ئەوا بریتی دەبێ لە دەستنیشانکردن و چاودێری و بینینی ئەو ڕووداوانەی گۆڕانیان دروستکردوە. بەشێوەیەکی دی دەتوانین بڵێین مەبەستی مێژوونوس لە نووسینەوەی مێژوو، مەبەستێکە بەهۆی گۆڕانەکانی روتەختی ڕووداوەکان گەڵاڵە بووە. نوسینەوەش لێرە دەبێتە دەرەنجامێکی خۆدۆزینەوەی تاك لەبەردەم ڕابردوو بە کاریگەری گۆڕانەکانەوە. ئیدی مێژوونوسیی کار دەکات بۆ گرێدانی گۆڕانەکان لە ڕابردووەوە بە ئێستا، بۆ دەرخستنی بەردەوامیان و بینینی کۆتایی بەر لە گۆڕان و سەرەتای دوای گۆڕان. لەم بارەوە یان أسمان (٢٠٠٨: ٥٧) دەڵێ: "هەر بۆشاییەکی فراوان لە نێو کولتوردا دروست ببێ، یاخود هەر کۆمەڵێك تووشی دابڕانێکی قووڵ لە کردەی بەردەوامێتی ببێ، ئەوا ڕابردوو چێ دەکرێ. ئەمەش دروست ئەو کاتە ڕوودەدات، کە گەڕان بەدوای سەرەتایەکی نوێی دوای دابڕان پێویست دەبێ".

وەك بینیمان شەرەفخان ڕێك خۆی لەم قۆناغەدا بینیوەتەوە؛ قۆناغی بەکۆتاهاتنی سەردەمێك و گۆڕانکاری و دەستپێکی سەردەمێکی نوێ. کاتێك دەگەڕێتەوە سەر مێژووش دوو قۆناغی تێبینی کردوە: قۆناغێك فەرمانڕەوایی کوردان لە ئاستێکی باڵا دابووە. ئینجا پەڕینەوە بۆ قۆناغێك کە ئەم ئاستە گۆڕانی بەرچاوی بەسەر داهاتوە. لێرەوە شەرەفخان دەیەوێ پەیوەندییەکان ئاشکرا بکات، بەدوای ئەو "بەردەوامێتییە مێژوویی"ە دەگەڕێ کە قۆناغ و سەردەمەکان بەیەکەوە گرێ دەدات و دواجار ئێستای وی، لەرێگەی ئامادەکردنی ڕابردوو، مانایەکی دەبێ. ئەمەش بەپێی

ئەوەی بەردەوامیی مێژوویی بریتی دەبێ لە هەبوونی پەیوەندیەکی زەمەنی لە نێوان رووداوەکان تاوەکو هەر رووداوێك لەسەر رووداوی پێش خۆی دامەزرابێ.

شەرەفخان ئەو بەردەوامێتییە لە پەیوەندی ئێستای میرنشین و دەسەڵاتدارێتیە کوردیەکان بە رابردووەوە دەبینێت، ئێستای ئەوان ئاکامێکی هەبوونیانە لە رابردوودا. ئەمەش هەندێك جار بەبێ زۆر قووڵبوونەوە لە راستی و دروستی ئەو هەبوونە و پرسیارکردن لە ماقوڵیەتی رابردووەکە دەبێ، وەك دواتر نموونەی لەسەر دەهێنینەوە. گەڕانەوە بۆ سەرەتاکان، لە گوتاری مێژوویی مێژوونوسدا وەك پێویستیەکی مەعریفی – تەواوکاریی دێتە بەرچاو، بەو پێوەرەی بەبێ سەرەتاکان ئامادەیی ئەو فەرمانڕەوایانە لە زەمەنی ئێستاییدا – کە "ئێستا" خۆشی، وەك بینیمان، قۆناغی وەرچەرخانی مێژووییە – ئەستەم دەبێ.

رەنگە یەکێك لە دەرکەوتە هەرە دیارەکانی کارکردنی شەرەفخان بەو ئاڕاستەیە، هەوڵدانی بێت بۆ دۆزینەوەی بەردەوامێتی لە نێوان فەرمانڕەوا کۆنە مەزنەکان و فەرمانڕەوایانی هاوسەردەمی خۆی. بۆیەشە هەندێك زانیاری لەلای وی لەسەر بەردەوامێتی مێژوویی و زنجیرەبەندی دەسەڵاتدارێتی هەیە، کە لە سەرچاوەی تردا بەرچاو ناکەوێ و لەوەدەچی لەو حاڵەتانەدا زێتر پشتی بە ترادیسیۆنی زارەکی بەستبێ. ئەوەتا لە دەستپێکی مێژووی میرانی "برادۆست"، ئەو بەسەرهاتە بەڕاست دەزانێ، کە ئەوان بە دەسەڵاتدارێتییەکی لەوان مەزنتر، ئەویش میرنشینی حەسەنوەیهیە (٢٠٠١: ٤٩٥)، دەبەستێتەوە. ئەگەر برادۆستییەکان خۆیان پێیان وایە دەگەڕێنەوە سەر بیلال ناوێك، ئەوا – وەك شەرەفخان پێی وایە – هەڵەن. چونکە ناوەکە هیلالە نەك بیلال، کە هەمان میر هیلالی کوڕی بەدری حەسنوەیهی یە[٤]. ئەوە هیلالە دەشێ بەردەوامێتی بە مێژوو بدات نەك بیلالێك، کە لە نێو مێژوودا نادیار و نەناسراوە و ناشێ بکرێتە سەرەتایەك بۆ قۆناغێکی دواتر. بە پێچەوانەی هیلال، کە هەڵگری خەسڵەتە پێویستەکانی سەرەتا بوونە و وەچەکانی دەتوانن گۆڕان لە نێو مێژوودا دروست بکەن و دەستپێکی نوێ بن. ئەوەتا بەرەبەرە وڵاتیان پێشخستوە، تا ئەو میرنشینی برادۆستەیان دروست کردوە (٢٠٠١: ٤٩٥)[٥].

شەرەفنامە تژی نموونەی هاوشێوەیە، بە هۆیانەوە مێژوونوس هەوڵیداوە سەرەتاکان دەستنیشان بکات و بە مێژووی ئێستای گرێ بدات. تەنانەت ئەگەر میرنشینێك خاوەن ئەو بەردەوامییە مێژووییە نەبێت، ئەوا مێژوونوس بە حەکایەتی تر پاکانەی بۆ دەکات؛ لە باسکردنی

---

٤ هیلالی کوڕی بەدر (٤٠٥ك/١٠١٥ز)، لەدوای باوکی بووە فەرمانڕەوای میرنشینی حەسنوەیهی. لە سەردەمێکدا فەرمانڕەوایی وەرگرت، کە کێشە و گرفتەکان لە ئاستی ناوخۆیی میرنشینەکە ( لەگەڵ باوکی) و دەرەکیدا (بوەیهییەکان) لە لوتکەدا بوو. دواجار لە هەمان ساڵی وەرگرتنی دەسەڵات کوژرا (النقشبندی، ٢٠١١: ١٨٤–١٩٥)

٥ لە هەمان شوێندا شەرەفخان هەر میر هیلال بە سەرەتای دوو بنەماڵەی تری کوردی دادەنێ، ئەوانیش: عەشیرەتی ئاکۆ لە ناوچەی رانیە و پشدەر و فەرمانڕەوایانی خان ئەڵماسی سەر بە ورمێ.

بابانەکاندا شەرەفخان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "پیر بوداغ" و براکەی دەستەی دامەزرێنەری میرنشینەکەن، بەڵام هەردووکیان بیٚ وەچە بوون (٢٠٠١: ٤٧٣). بۆیە دەسەڵاتەکەیان بۆ دەست و پێوەندەکانیان بەجێما، کەچی شەرەفخان دابڕانەکەی بەوە پڕ کردۆتەوە، کە بڵێ ئەوانەی دوای دەستەی دامەزرێنەر هاتوون پەروەردەی ئەم دەستەیە خۆیان بوون (٢٠٠١: ٤٧٧). لە باسکردنی میرانی "بانە"شدا، ئەگەرچی دۆزینەوەی سەرەتای یەکەمین لە ئاقارێکی تردایە، بەڵام بە روونی ئارەزووی مێژوونوسمان بۆ دەردەخات لە دەرخستنی بەردەوامیێتی مێژووییان؛ مێژووی دەرکەوتنی میرنشینەکە مێژووی نوێیەتی: "یەکەمین میرێك ناوی کەوتۆتە سەر زاران، میر میرزا بەگ کوری میر محەمەدە" (٢٠٠١: ٥٤١)، کە هاوسەردەمی میر بێگە بەگی ئەردەڵانە و لە سەدەی شانزەدا ژیاوە. پێش ئەو میرە هیچ زانیاریەکی تر بەدەست شەرەفخان نەکەوتوە، ئەوە نەبیٚ میرەکان نازناوی "ئیختیار دین"یان هەیە. راڤەی ئەم نازناوەش یەکسەر سەرەتاکە دادەمەزرێنیٚ، کە مێژوونوس لە گەڕان بەدوای بەردەوامیێتیەکەدا پێویستێتی. شەرەفخان دەڵێ: "بە ئیختیاری خۆیان، نەك بە فەرمانی هیچ کامێك لە پادشایانی موسڵمان، بۆ ئیسلامەتی دەستیان لە کوفر بەرداوە"( ٢٠٠١: ٤١٣). کەواتە مێژووی ئەوان بۆ کاتی وڵاتگیری عەرەبی ئیسلامی دەگەرێتەوە و بە نادیاری بەردەوام دەبیٚ تا لەسەروبەری فەرمانرەوایی میرزا بەگدا دەست پێدەکاتەوە.

مەسەلەکە هەر بەمە کۆتایی نایەت، بەڵکو هەندێکجار ئەوەی لای مێژوونوس هەیە تەنیا زانیاریەکی کەمە لەمەڕ سەرەتای یەکەم و دەستپێکی دووەم. بۆیە لەوە دەچێ تەنیا هەبوونی سەرەتایەکە "مەبەست" بێت، نەك ئەوەی لە نێوان ئەو سەرەتایە و دەستپێکی ناسراوی میرنشینەکان هەیە، کە هەندێك جار ماوەکەی چەندان سەدە دەبێت. ئیدی بەردەوامیێتی مێژوویی لە هەبوونی ئەو سەرەتایە "شکۆمەند"ە دەبینێتەوە و دەستپێکردنەوەش – جگە لەوەی شەرعیەت لەو سەرەتایە وەردەگرێت – بەڵگەی دەستی مێژوونوسە بۆ بەردەوامیێتییەکە.

هەرچۆنێك بێت، نابێت وا تێبگەین ئەو گەڕانە شێلگیرانەیەی مێژوونوس لە بەردەوامیێتی مێژوویی، تەنیا پەیوەستە بە بیرکردنەوە و راڤەی وی بۆ مێژوو. بەڵکو ئەمە کردەیەکی دەسەڵاتیانەی گشتگیرە، کە شەرەفخان وەك میرێك سەرەدەری لەگەڵدا کردوە. بەو مانایەی ئەوە میرانی میرنشینە کوردیەکانن بەدوایدا دەگەڕێن و لە کاتی ئاخافتندا، وەك شکۆمەندی و شانازیەك باسی لێوە دەکەن. ئەمە ئەوانن کە مێژوویەکی لیٚ بەرهەم دێنن لە ئاستی زارەکیدایە و بۆ شەرەفخانی مێژوونوسیش دەبێتە سەرچاوەیەکی نوسینەوەی مێژوو (٢٠٠١: ٢٥٣،٣٢٧،٣٤٣،٣٩٥). ئیدی نوسینەوەی مێژوو دەبێتە پرۆسەی "نوێنەرایەتیکردن"ی ئەوانەی دەدوێن. ئەوەتا هەندێك جار ناچار دەبێت – بەپێی تێگەیشتنی خۆی و وەك پابەندبوونێك بە تێزی بەردەوامیی مێژوویی – زانیاریە هەڵەکانیان راست بکاتەوە، یاخود لەگەڵ راستییە مێژووییە باوەکان بیانگونجێنیٚ (٢٠٠١:٤٩٥).

بێگومان ئەو کردارەی میر – دەسەلاتداری کوردی لە قۆناغی جیاجیای مێژووی کوردیدا چەند بارە بۆتەوە و وەك بەشێکی بیرکردنەوەی سیاسیان خۆی دەنوێنێ. لەو کاتەوەی قەوارەی سیاسی لە نێو ئەو میللەتە شێوەگیر دەبێ، گەڕان و دۆزینەوەی سەرەتای یەکەمین (وەك دینامیکیەتێکی سیاسی و پڕ لە سودی کۆمەلایەتی و پێگەی بالا لەلای دەسەلاتە نێوەندییەکان)، وەك خەمێکی دەسەلاتیانە دەردەکەوێ و دەبێتە پێویستییەکی وجودی و لە نێو زانینی مێژوویدا رەنگدانەوەی دەبێ [٦]. بەمەش – ئەگەر کەسێکی پابەند بەو پاشخانە بریار بدات مێژوو بنوسێتەوە – دەبێ ئەو ئەرکە بەجێبهێنێ، کە لە ناوەندی دەسەلاتی سیاسی کوردیدا بۆی دیاری کراوە. ئەگەر شەرەفخانیش مەبەستیەتی مێژووی ئەو دەسەلاتە بنوسێتەوە، ئەوا گەڕان و ساخکردنەوەی سەرەتاکە، دەبێتە رێبازی باوی نوسینەوە. تا بەمە رەوایەتی دەسەلاتێکی ئێستاکی لە رێگەی بینینی قولاییە زەمەنیەکەیەوە بخاتەڕوو، کە دەسەلاتێکی رەمزی دەخاتە سەر دەسەلاتە کردارییەکەیان. بەمەش پرۆسەی بەردەوامێتی مێژوویی دەبێتە ئامرازێکی دانپیانان بە سەروەرێتی و رەوایەتی، ئەوەندە رەوایەتیەی پێ دەدات کە وەك ناسنامەیەك مانەوەی لە ئاستی نێوخۆیی (کوردی) و دەرەکی (ئەوانیتر) فەراهەم بکات.

---

[٦] وەك بۆ نموونە عەرەببون، کە لە سەدەکانی ناوەڕاست بەدواوە باوی دەبێ.

## ئەنجام

شەرەفخانی بەدلیسی دەخوازێ، لە ڕێگەی نوسینەوەی شەرەفنامەدا، یادەوەری کوردی لەو پەرش و بڵاوییەی لەنێو دەقە مێژووییەکانی ئەوانیتر تێی کەوتوە، دەربهێنێ. هاوکات لە ئاستی زارەکییەوە بی پەڕێنێتەوە بۆ نێو یەك دەقی سەرەکی نوسراو. ئەو دینامیکیایەك لە نێو مێژووی کوردیدا دەبینێ و بە گرنگی دەزانێ بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە هەبوونی سیاسی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کوردستان. بۆیە دەیەوێ بە کاری بهێنێ بۆ دروستکردنی ناسنامەیەك، کە پاڵپشتی کردە سیاسییەکە بێ و ئەوەندە ڕەوایەتییەی پێ ببەخشێ، کە بتوانێ لە ڕوتەختی ململانێکاندا هێزێکی مەعنەوی بخاتە سەر ئەو هێزە سەربازییەی هەیان بووە.

بێگومان داڕشتنی ناسنامە بە دەقێکی نوسراو، کە پشت بە کەڵەکەبوونێکی مەعریفی نوسراوی نێوخۆیی نەبەستێ، کارێکی ئاسان نەبووە. وای لە شەرەفخان کردوە لە نێو دەق و یادەوەری میللەتانی هاوسێدا، هەوڵی خۆدۆزینەوە بدات و لەگەڵ ئەزموونی خۆی و میرە هاوشێوەکانی، مێژوویەکی زنجیرەبەند یاداشت بکات. مێژوویەك، کە ڕەوایەتی خۆی لە یەك بەدوایەکداهاتنی ڕووداوەکان، هەبوونی دەستپێك (ڕەسەن) وەك پاشخانێك بۆ ئێستای بکەرە سیاسییەکان، هەبوونی خەسڵەت و تایبەتمەندی ڕەگەزیی، کۆمەڵایەتی...هتد، بدۆزێتەوە. ئەمە سەرباری دۆزینەوەی بەرداومێتی لە نێوان زەمەنی ڕابردوو و زەمەنی ئێستا.

شەرەفخان، مێژوو وەك مەعریفەیەکی پەتی و سەربەخۆ نانوسێتەوە. بەڵکو مێژوویەکی مەبەستدار دەنوسێتەوە، کە خەمێکی کارا مێژووییەکان خۆیانە. تا لە پرۆسێسی خۆناسین و گوزارشت کردن لێی، لە بەرامبەر بە ئەوانیتردا، بەکاری بهێنن. بۆیە گێڕانەوەی مێژوو لای ئەو جۆرێکە لە ڕاڤەکردن؛ ڕاڤەی ڕووداو بەشێوەیەك، کە پاڵپشتی مەبەستی بنەڕەتی نوسینەوەی مێژوو بکات و تۆکمە نیشانی بدات. هەر ئەمەشە وا دەکات شەرەفخان لە نێو هەموو میر و دەسەڵاتداران و زانا و کەسایەتییەکانی سەردەمەکەی و دواتریش، ببێتە مێژوونوس، نەك حەکایەتخوان. مێژووش هاوسەنگ نەبێ بە چیرۆك و بەسەرهاتی زارەکی، بەڵکو وەك مەعریفەیەکی دەسەڵاتییانە خۆی بنوێنێ.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**ئیسکەندەر، شەمسی محەمەد. (١٩٩٨)، مێژووی کورد لە سەدەی ١٦یەمدا، هەولێر، وەرگێڕانی: شوکور مستەفا.**

**چەند نوسەرێك. (٢٠٠٥)، چەند وتارێکی کوردناسی، سلێمانی: دەزگای سەردەم، وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر محەمەد .**

**سنندەجی، میرزا شوکر الله. (٢٠٠٦)، هۆز و تیرە و تایفەی کورد لە کوردستانی ئەردەڵان، سلێمانی: بنکەی ژین، وەرگێڕانی: ئەنوەری سوڵتانی.**

**شێخ محەمەد، رابیعە فەتاح. (٢٠٠٥)، کوردستان لە سەدەی پازدەی زاینییدا، هەولێر: وەزارەتی رۆشنبیری.**

**ڤاسیلیێڤا، ئی. ئی. (٢٠٠٨)، شەرەفخانی بەدلیسی –سەردەم، ژیان، نەمری، سلێمانی: مەڵبەندی کوردۆلۆجی، وەرگێڕانی: ئارام عەلی.**

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

**اسمان، يان. (٢٠٠٨)، الذاكرة الحضارية، بيروت، ترجمة: عبد الله بلقزيز.**

**البدليسي، شرفخان. (٢٠٠١)، شرفنامة، اربيل: مؤسسة موكرياني، ترجمة: محمد جميل روژبياني.**

**ابن خلدون، ابو زيد عبد الرحمن. (١٩٨١)، المقدمة، بيروت: دار العودة.**

**خوريناتسي، موسيس. (١٩٩٦)، تاريخ الأرمن من البداية حتى القرن الخامس الميلادي، دمشق: دار اشبيلية للدراسات و النشر، نقله عن الأرمنية: نزار خليلي.**

**دومون، لوس. (٢٠٠٦)، مقالات في الفردانية – منظور أنثروبولوجي للأيدويولوجية الحديثة، بيروت: المنظمة العربية للترجمة، ترجمة: بدر الدين عردوكي.**

**الدينوري، ابو حنيفة. (دون تاريخ)، الأخبار الطوال، بيروت، تحقيق:.عمر فاروق طباع.**

**العروي، عبد الله. (١٩٩٢)، مفهوم التاريخ، بيروت: المركز الثقافي العربي.**

**الكافيجي، محي الدين محمد. (١٩٦٣)، المختصر في علم التاريخ، بغداد، تحقيق: فرانز روزنثال.**

**لشكري، حيدر. (٢٠٠٤)، الكرد في المعرفة التاريخية الإسلامية ، دهوك: دار سپيريز.**

المسعودي، ابو الحسن علي. (٢٠٠٤)، مروج الذهب و معادن الجوهر، بيروت: دار الكتاب العربي.
النجار، مصطفى احمد. (٢٠٠٧)، شرفخان البدليسي و منهجه التاريخي من خلال كتابه شرفنامة، دهوك: دار سپيريز.
النقشبندي، حسام الدين علي غالب. (٢٠١١)، الكرد في لرستان الصغرى (الشمالية) و شهرزور خلال العصر الوسيط (دراسة سياسية حضارية)، السليمانية: بنكەی ژين.

**سێیەم: بەزمانی فارسی**

اشپولر و ديگران، برتولد. (١٣٨٠ هـ.ش)، تاريخنگاری در ايران، تهران: انتشارات گستره، ترجمة و تأليف: يعقوب اژند.
تبريزی، ابن خلف. (١٣٤٤ هـ.ش)، بورهان قاطع، تهران: مؤسسة مطبوعاتی فريدون علمی، بقلم: محمد محمد لويی عباس.
خسرو بن محمد، اردلان. (٢٥٣٦)، لُب التواريخ، تهران: چاپخانه زندگی.
سروری، محمد بن قاسم. (١٣٤١ هـ.ش)، مجمع الفرس (فرهنگ سروری)، تهران: كتابفروشی علی اكبر، بكوشش: محمد دبير ساقی.
ميرخواند، خواجه حميد الدين محمد. (١٣٧٥ هـ.ش)، روضة الصفا، تهران: انتشارات علمی فرهنگی، بكوشش: عباس زرياب .

**چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی**

Dawod, Hosham. (2006), ethnicity and power Some reflections on Ethnic Definitions and Boundaries, in: Fāliḥ ‘Abd al-Jabbār, Hosham Dawod: The Kurds: nationalism and politics, London: Saqi Books.
Khalidi, Tarif. (1996), Arabic historical thought in the classical period, Cambridge university press.
Lewis & Holt (ed), Bernard, R.M. (1962), Historians of the Middle East, London: Oxford University press.
Vali, Abbas. (2003), Genealogies of the Kurds: Constructions of Nation and National Identity in Kurdish Historical Writing, in: Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, (ed.), Costa Mesa: Mezda Publisher.

## پاشکۆ

### ڕەسەنی میرنشینە کوردییەکان بە پێی شەرەفنامە

١. والیانی کوردستان، ئەوانەی لیوای سوڵتانێتیان بەرزکردۆتەوە و مێژوونوسان لە ریزی سوڵتانەکانیان داناون:

| ژ | ناوی فەرمانڕەوایەتی | ڕەسەن | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١. | مەڕوانی | کورد | |
| ٢. | حەسەنوەیهی | کورد | |
| ٣. | فەزڵەوی | کورد | |
| ٤. | خورشیدی | کورد | |
| ٥. | ئەیوبی | کورد | |

٢. ئەو فەرمانڕەوا مەزنانەی کوردستان، کە ئەگەرچی سەربەخۆ نەبوونە، بەڵام وتاری ئایینیان بەناوی خۆیان خوێندۆتەوە و دراویان لێ داوە :

| ژ | ناوی فەرمانڕەوایەتی | ڕەسەن | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١. | ئەردەڵان | کورد | دەگەڕێنەوە سەر مەڕوانیەکان |
| ٢. | هەکاری | عەرەب | لە بنەماڵەی عەبباسیەکانن |
| ٣. | بادینان | عەرەب | لە بنەماڵەی عەبباسیەکانن |
| ٤. | بۆتان | عەرەب | لە نەوەی خالدی کوری وەلیدن |
| ٥. | میرانی حسنکێفا | کورد | لە بنەماڵەی ئەیوبییەکانن |

٣. بنەماڵە فەرمانڕەواکانی تری کوردستان:

| ژ | ناوی فەرمانڕەوایەتی | ڕەسەن | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١. | چەمشکەزەك | عەرەب | لە بنەماڵەی عەبباسیەکانن |
| ٢. | مەرداسیەکان | عەرەب | لە بنەماڵەی عەبباسیەکانن |
| ٣. | صاصۆن | فارس | بنەماڵەی ساسانیەکان |
| ٤. | خیزان | کورد | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥. | كلس | عەرەب | لە بنەماڵەی عەبباسیەکانن |
| ٦. | شێروان | کورد | |
| ٧. | زەرقییەکان | عەرەب | خێڵە عەرەبییەکانی وڵاتی شام |
| ٨. | سویدیەکان | فارس | بنەماڵەی بەرمەکیەکان |
| ٩. | سلێمانی (سلیڤانی) | عەرەب | بنەماڵەی ئومەویەکان |
| ١٠. | سۆران | عەرەب | کەلۆس، عەرەبێکی بەغداد |
| ١١. | بابان | کورد | |
| ١٢. | موکریان | کورد | |
| ١٣. | برادۆست | کورد | دەگەڕێنەوە سەر حەسەنوەیهیەکان |
| ١٤. | مەحمودی | کورد | دەگەڕێنەوە سەر مەڕوانیەکان |
| ١٥. | دونبلی | عەرەب | خێڵە عەرەبییەکانی وڵاتی شام |
| ١٦. | کەلهور | فارس | پاشایانی کیانی |
| ١٧. | بانە | کورد | |
| ١٨. | گوڵباخی | تورك | |
| ١٩. | بنەماڵە کوردەکانی ئێران | کورد | |
| ٢٠ | بەدلیس | فارس | بنەماڵەی ساسانیەکان |

## الملخص

## التاريخ كمؤسس للهوية في الشرفنامة لشرفخان البدليسي

حاول المؤرخ الكوردي شرفخان البدليسي، من خلال كتابه الشرفنامة، أيجاد نوع من الترابط و العلاقة بين عملية تدوين التأريخ و بيان الملامح و السمات الأساسية للهوية الكوردية، كما كانت معروفة في عهده. من هنا جاءت كتابه مغايرا لما كتب من قبل عن الوجود الكوردي في التاريخ، ليس في اعطاء مفهوم جديد للتاريخ في ذاته، انما بسبب خصوصية المحتوى. وقد أثر ذلك على منهج التدوين و كيفية سرد الأحداث، حتى يتناسب مع تصورات المؤرخ للهوية الكوردية.

البحث يتكون من ثلاثة محاور رئيسية. تناولنا في أوله كيفية تشكل الوعي التأريخي عند شرفخان، سواء ما تعلق بتأثير الأحداث التأريخية عليه أو فهمه للتأريخ، كذلك الوظيفة التي يمكن ان تضطلع به. أما المحور الثاني، فتحدثنا فيه عن أبعاد الهوية المتشكلة في السياق التاريخي، خاصة البعد الأصولي و الجغرافي و فهم الكيانات السياسية الكوردية لأصولهم. أما المحور الأخير فخصصناه لما يسمى بالصيرورة أو الأستمرارية التاريخية و كيفية توظيفها من قبل المؤرخ لأضفاء الشرعية اللازمة على الوجود السلطوي الكوردي في التاريخ.

## Abstract

## History as a founder of the identity in Sharafxans Sharafnameh

The Kurdish historian Sharafxan Bedlisi, through his book Sharafnameh, Tried to find some kind of bonding and between the process of writing the history and features of the statement and the basic features of the Kurdish identity, as it was known during his reign. From here came the book different from what was written by the Kurdish presence in history, not only in giving a new concept of history in itself, but because of the privacy of the content. This has affected the approach of blogging and how to list the events, even commensurate with the perceptions of the Kurdish identity. Search

consists of three main sections. We showed at the beginning how to constitute a historical consciousness when Sharafxan, both on the impact of historical events or the understanding of the history, as well as the functionality that can play. The second section, which we talked about the dimensions of identity formed in a historical context, especially the fundamentalist dimension and understanding of the geographical and political entities of Kurdish origin. In the latter section we assigned the so-called The Happening or historical continuity and how to employ them by the historian necessary to legitimize the Kurdish authoritarian presence in history.